https://www.doi.org/10.31918/twejer. 2362.07

e-ISSN (2617-0752)          p-ISSN (2617-0744)

# کۆنگرەی ڤیەننا و دووبارە گەڕانەوەی هەژموونی کۆنەپارێزی بۆ ئەوروپا (١٨١٤-١٨١٥)

د. قادر محەمەد محەمەد     م. ی. هانا عەلی حەمە     م. ئەحمەد حەمە مستەفا

بەشی مێژوو، کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتییەکان، زانکۆی ڕاپەڕین

Qadir.muhamed@uor.edu.krd

hana.ali@uor.edu.krd

ahmed.hama1976@uor.edu.krd

**پوختەی توێژینەوە:**

دوای شکستی ناپلیۆن پۆناپەرت (١٧٦٩-١٨٢١) لە شەڕی (لایبزیک)، و چوونەناوەوەی هێزی هاوپەیمانان بۆ ناو پاریس لە (٣١ی مارتی ١٨١٤)دا، وڵاتە سەرکەوتوو و بەشداربووەکانی ئەو ململانێیە بڕیاریاندا، کۆنگرەیەک ببەستن، بە مەبەستی چارەسەرکردنی ئەو دۆخەی، کە لە ئەنجامی شۆڕشی فەڕەنسا لە ئەوروپا هاتبووەئاراوە، بە تایبەت لە بواری سیاسیدا، کە دەیانویست بارودۆخ بۆ پێش سەردەمی ناپلیۆن بگێڕننەوە. لەبەرئەوەی بەهۆی شۆڕشی فەڕەنسا و دەرئەنجامەکانیەوە، خواستێکی زۆر لەناو هاووڵاتیانی ئەوروپا بۆ هەردوو سیستەمی نەتەوەیی و کۆماری سەریهەڵدابوو. بە جۆرێک، کە پێچەوانەبوو لەگەڵ ئەو سیستەمە باوە حوکمڕانییە پادشایەتییەی بە درێژایی هەزاران ساڵ لە ناوچەکانی ئەوروپادا فەرمانڕەوایی دەکرد. دوای گفتوگۆیەکی زۆر لە نێوان دەوڵەتە سەرکەوتووەکان، و هەوڵێکی زۆری دیبلۆماسی، بە تایبەت هەوڵەکانی سەرۆکوەزیرانی نەمسا (موتەرنیخ)، کە  سیاسی و دبلۆماسێکی لێهاتووی ئەوکاتی ئەوروپابوو.  بە کۆدەنگی و ڕاویژکاریی نوێنەرانی وڵاتانی دیکەی ئەوروپا شاری ڤیەننایان هەڵبژارد، سەرەڕای جیاوازیی قووڵی سیاسیی نوێنەری وڵاتان، و کۆمەڵێک تەنگوچەڵەمە لە ماوەی ساڵانی (١٨١٤ ـ ١٨١٥)، کە لە ماوەی کۆنگرەدا هاتەئارا، بەڵام لە دەرئەنجامدا وەرچەرخانێکی گرنگی سیاسی لە ئەوروپا هێنایەئارا، بۆیە لەم توێژینەوەیەدا هەوڵدراوە بە شێوازێکی زانستی، پشتبەست بە سەرچاوە زانستی و ئەکادیمییەکان بارودۆخی کۆنگرە و پێوەندییەکان شیبکرێنەوە، و زانیارییەکان بە گوێرەی پێویست بەراوردبکرێن.

**وشە کلیلییەکان:** کۆنگرە، ڤیەننا، نێودەوڵەتی، هاوپەیمانی، کۆنەخوازی، هاوسەنگی، ڕێکخستنەوە، نەتەوەیی.

## کۆنگرەی ڤیەننا و دووبارە گەڕانەوەی هەژموونی کۆنەپارێزی بۆ ئەوروپا (١٨١٤-١٨١٥)

### پێشەکی:

دوای شکستی ناپلیۆن پۆناپارت (١٧٦٩- ١٨٢٠) لە شەڕی (لایبزک – نەتەوەکان)، و چوونەناوەوەی هێزی هاوپەیمانان بۆ شاری پاریس لە (٣١ی مارتی ١٨١٤)ز دا، وەک هەموو شەڕەکانی دیکە هاوپەیمانان بیریان لە گرێدانی کۆنگرەیەک کردەوە، بۆ سەرلەنوێ داڕشتنەوە و ڕێکخستنەوەی نەخشەی سیاسی، ئابووری و کۆمەڵایەتیی ئەوروپا. بۆ ئەوەی ڕێگەبگرن لەوەی، کە جارێکی دیکە ئەوروپا بە بیروباوەڕ و کاریگەریی شۆڕشی فەڕەنسا، یان هەر شۆڕش و ئایدۆلۆژیایەکی دیکەی ڕادیکاڵیستی بشڵەقێت .(Merriman,1996: 569) . هەڵبەت ناپلیۆن لە ماوەی نزیکەی بیست ساڵی دەسەڵاتیدا، بە شێوەیەک سنوورەکانی فەڕەنسای فرەوانکرد، و دەستکاریی نەخشەی سیاسیی وڵاتانی ئەوروپای کرد، کە هەرگیز لە لایەن وڵاتە زلهێزەکانی وەک (بەریتانیا، نەمسا، ڕوسیا و پڕوسیا)ی ئەوکات جێگەی پەسندکردن نەبوو. بۆیە دوای ئەوەی وڵاتانی دژە ناپلیۆن چوونە نێو پاریس، پەیماننامەی پاریسی یەکەمیان گرێدا، کە تێیدا لە بەندی دووەمی ئەو پەیمانەدا بڕیار لەسەر بەستنی کۆنگرەیەک لە شاری ڤیەننا درا، کە دواتر بە (کۆنگرەی ڤیەننا) لە مێژوودا ناسرا. بە گشتی کۆنگرەکە بۆیە بەسترا، بۆ ئەوەی دەسەڵاتی شەرعیی وڵاتانی ئەوروپا ڕێکبخاتەوە، هەروەها پاداشتی سەرکەوتووانی جەنگەکە بدەنەوە، و سزای دۆڕاوی جەنگ، کە فەڕەنسایە بە سەرکردایەتیی ناپلیۆن بدەن، لە هەمووشی گرنگتر سەقامگیری ئاشتی زەمانەتی (گرەنتی) پاراستنی سیستەمی پارێزگاری بۆ ئەوروپا دابینبکەن (Miller, 1997: 38). هەرچەندە وڵاتانی سەرکەوتوو لە هەمبەر هەژموونیان بەسەر ئەوروپادا هاوڕا و هاودەنگنەبوون، بە تایبەت نەمسا،

پڕوسیا، ڕووسیا و بەڕیتانیای گەورە(Kissinger,1956: 266) بەڵام هەموویان لەسەر دژایەتیکردنی پڕەنسیپەکانی شۆڕشی فەڕەنسا هاوڕابوون.

گرنگی و بایەخی ئەم توێژینەوەیە لەوەدا خۆی دەردەخات، کە لە ناوەندە ئەکادیمییەکەی کوردستاندا کەمی لە بارەوە گوتراوە و نووسراوە، بگرە هەر لای بەلادا نەکراوەتەوە، لە کاتێکدا وەک مێژوونووسان ئاماژەیان پێداوە، ئەم کۆنگرەیە جارێکی دیکە ئەوروپای بۆ سەردەمی بەر لە شۆڕشی فەرەنسا گێڕایەوە، هەروەها کاریگەرییەکانیشی زیاد لە چارەگە سەدەیەک بە مێژووی نوێی ئەوروپاوە دیارە (Berger, 2006: xxiv) بۆیە شایەنی ئەوەیە، کە توێژینەوەی ئەکادیمی لە بارەوە بکرێت، و لایەنە گرنگەکانی ئەو کۆنگرەیە دەربخرێت.

ئامانجی توێژینەوەکە ئەوەیە، کە تیشکبخاتەسەر قۆناغێکی گرنگی مێژووی نوێی ئەوروپا، کە لە کۆنگرەی ڤیەنناوە (١٨١٤) دەستپێدەکات، و کاریگەرییەکانی تا شۆڕشی (١٨٤٨)ی وڵاتانی ئەوروپا دەخایەنێت.

ئەم توێژینەوەیە جگە لە دەروازە دابەشی دوو تەوەرەی سەرەکی کراوە: تەوەرەی یەکەم ئەم بابەتانە لەخۆدەگرێت: پاڵنەری دیاریکردنی ڤیەننا بۆ شوێنی کۆنگرە، گرنگترین کەسایەتییە دیارەکانی نێو کۆنگرە، و ئامانجە ئاشکرا و نادیارەکانی کۆنگرە لەگەڵ پڕەنسیپەکانی کۆنگرە. تەوەرەی دووەمیش بۆ: بڕیارەکانی کۆنگرە، و ئەو ڕەخنانەی کە لەو کۆنگرەیە گیراون، هەروەها کاریگەرییەکانی بەسەر ڕەنگڕێژکردنی سیاسەتی نێوخۆ و دەرەوەی دەوڵەتانی ئەوروپا تەرخانکراوە، لە کۆتاییشدا گرنگترین دەرئەنجامە بەدەستهاتووەکان و لیستی سەرچاوە بەکارهێنراوەکان خراونەتەڕوو.

**دەروازە**

سەرەتای کۆتاییهاتنی دەسەڵاتی ناپلیۆن پۆناپەرت دەگەڕێتەوە بۆ شەڕی (لایبزک یان نەتەوەکان) لە (١٦-١٩ی تشرینی یەکەمی١٨١٣)، کە بە شکستی سوپای ناپلیۆن، و گەڕانەوەیان بۆ فەرەنسا کۆتاییهات. لە کۆتایی هەمان ساڵدا نەمسا بە ڕەزامەندیی هاوپەیمانەکان چەند مەرجێکیان، وەک بنەمای ئاشتەوایی خستەبەردەم ناپلیۆن، وەک (پارێزگاری لە سنووره سروشتییەکەی فەرەنسا لە ڕاین، ئەلب و برینز، هەروەها مانەوەی لەسەر دەسەڵات)، بەڵام لەبەرئەوەی ناپلیۆن ئامانجی تەنیا سەرکەوتن بوو، هەموو ئەو پێشنیازانەی ڕەتکردەوە، بۆیە سوپای هاوپەیمانان لە سەرەتای ساڵی (١٨١٤)دا لە باکووری فەرەنساوە هێرشیان کردە سەر پاریس، و دەستیان بەسەرداگرت. لە دەرئەنجامی ئەو بارودۆخە، لە سەرەتای مانگی ئازاردا و بەپێی پەیماننامەی (چومون Chaumont) هەر چوار زلهێزی ئەوکاتەی ئەوروپا (بەریتانیا، نەمسا، ڕوسیا و پڕوسیا) بەڵێنیاندا بە یەکخستنی هەوڵەکانیان بۆ ماوەی بیست ساڵ، و هەر دەوڵەتێک (١٥٠) هەزار سەربازی ڕاهێنراو ئامادەبکات، و هیچ دەوڵەتێک بەبێ ئاگادارییی ئەوانی  دیکە نەچێتە نێو هیچ ڕێککەوتنێکەوە. هەروەها بڕیاریاندا، کە دەست لە شەڕ هەڵنەگرن، تا شکستی تەواوەتیی ناپلیۆن، ئەمە جگە لە بەڵێنی بەریتانیا بە  بەخشینی (٥) ملیۆن جونەی بەو هاوپەیمانەتییە سەربازییە (حسین، نعمە، ١٩٨٢: ٩)، کە ئەو ڕێککەوتننامەیە یەکێکبوو لە گرنگترین ڕێککەوتننامەکانی ئەو کاتە، بۆ دووبارە سەقامگیرکردنەوەی ئەوروپا(Shroeder,1994: 501) . سەرئەنجام لە (٣١ی ئازاری ١٨١٤)دا هاوپەیمانان کۆنترۆڵی شاری پاریسیان کرد، و ناپلیۆنیان ناچار بە واژۆکردنی ڕێککەوتننامەی (فونتینبلو) کرد، کە بەپێی ئەو ڕێککەوتنە ناپلیۆن دەستبەرداری تەختی ئیمپڕاتۆری و تەواوی ئەو مافانەی خۆی و خێزانەکەی بوو لە فەرەنسادا، لە بەرانبەر ئەمەدا دوورگەی (ئەلبا)ی پێدرا، و لەگەڵ مووچەیەکی

ساڵانەی یەک ملیۆن فرانکی، پاش (٧) ڕۆژ لە واژۆکردنی ئەم ڕێککەوتنە ناپلیۆن گوازرایەوە بۆ دوورگەی (ئەلبا) (شاکر،٢٠١٩: ٧٥٥). پرسیارەکە ئەوەیە بۆچی ناپلیۆن بەم ئەنجامە گەیشت؟ لە وەڵامی ئەو پرسیارەدا مێژوونووسی ئەوروپایی (جفری برون) سەرنجمان بۆ چەند هۆکارێک ڕادەکێشێت، لەوانە:

١- پشتبەستنی ئیمپراتۆریەتی فەڕەنسا بە خودی ناپلیۆن، بە واتا توانەوەی کەسیەتیی دەوڵەت لە کەسیەتیی تاکەکەسێکدا.

٢- ئەو گەمارۆ ئابوورییە کیشوەرییەی ناپلیۆن پیادەی کرد، بووە هۆی دوورکەوتنەوەی ئەمیر و پادشاکان لێیەوە.

٣- بە سەربازیگرتنی زۆرەملێ کێشەیەکی گەورەی نێوخۆیی لێکەوتبووەوە.

٤- لە ئەنجامی شەڕە زۆرەکانی، پەنای بۆ زیادکردنی باج دەبرد، ئەمەش تا دەهات ژیانکردنی لە بەردەم هاووڵاتیاندا بەرتەسکدەکردەوە.

٥- ململانێ و مامەڵەی نادروستی ناپلیۆن لەگەڵ پاپا و پیاوانی ئاینی مەسیحیدا ڕوحیەتی نائومێدبوون لێی لە نێو خەڵکیدا سەریهەڵدا.

٦- لێسەندنەوەی دەستەڵات لە پادشا و ئەمیری هەرێمەکان بووە هۆی دروستبوونی گیانی تۆڵەکردنەوە.

٧- هەڵسوکەوتی تاکڕەوانە، و جێبەجێکردنی سیستەمی دیکتاتۆری لە بەڕێوەبردنی وڵات لە لایەک، و هاوسەرگیری لەگەڵ بنەماڵەی (هابسبرگ) لە لایەکی ترەوە، نیگەرانی و ناڕەزایەتیی زیادتری لە نێو خەڵکدا لێکەوتەوە.

٨- گەشەکردنی گیانی بەرەنگاری و بوژانەوەی هەستی نەتەوایەتی لە وڵاتانی داگیرکراوی ناپلیۆندا، و هەوڵدن بۆ ڕزگاربوون لە ژێردەستەیی.

دواجار تێکچوونی پێوەندییەکانی لەگەڵ ڕوسیا و شکستی لەو وڵاتەدا ناپلیۆنی بەو ئەنجامە خراپە گەیاند (جفری برون، ٢٠٠٦، ص٤٠٥).

دوای سەرکەوتنی هاوپەیمانان، سەرجەم سەرکردە و پادشاکانیان لە کۆشکی (تالێران)ی وەزیری دەرەوەی سەردەمی ناپلیۆن کۆبوونەوە، بڕیاریاندا حکومەتێکی کاتی بە سەرۆکایەتیی تالێران دابمەزرێت، یەکەم هەنگاوی گێڕانەوەی سیستەمی پارێزگاری بەوە دەستپێکرد، کە لەسەر پێشنیازی تالێران سیستەمی پادشایەتی گەڕایەوە فەڕەنسا، و لویسی هەژدەهەمی برای لویسی شانزە کرایەوە بە پادشا، بەمەش بنەماڵەی (بۆربۆن) دەسەڵاتی گرتەوە دەست، و هاوپەیمانانیش (پەیماننامەی پاریسی یەکەم)یان لە (٣٠ی ئایاری ١٨١٤)دا لەگەڵ واژۆکرد (ئەحمەد،٢٠١٤: ١٢٥). سەبارەت بە ناوەرۆکی ڕێککەوتنەکە، و مەرجەکانی (فیشەر)ی مێژوونووس دەنووسێت: (ئەو مەرجانەی هاوپەیمانان سەپاندیان بە سەر فەڕەنسادا، بە میانڕەویی ڕامیاری دەناسرێنەوە، ئەو دەوڵەتە داوای لێنەکرا، کە ڕووبەڕووی پێبژاردن و قەرەبوو بکرێتەوە، هەتا دوژمنەکانیشی سوورنەبوون لە بارەی داگیرکردنی خاکەکەیەوە، بەڵکو ئەو مەرجەی هەر تێدانەبوو. تەنیا گەنجینە هونەری و کلتوورییەکان، کە فەڕەنسا لە مۆزەخانەکانی ئەورووپا تاڵانی کردبوون، بگەڕێنرێنەوە بۆ خاوەنە یاساییەکانی، چونکە هاوپەیمانان پێیانوابوو، کە لویسی هاوڕێیان ناتوانێت پارێزگاری لە دەستەڵاتە ناکۆکەی بکات لەژێر سایەی ڕێککەوتنێکی شەکەت و زەلیلدا (فیشەر، ٢٠١٥: ١٠٧ – ١٠٨).

## تەوەرەی یەکەم

## گرنگترین کەسایەتیی بەشداربوی کۆنگرە و ئامانج و بڕیارەکانی

### یەکەم: شوێنی کۆنگرە و سیاسەتمەدارە بەشداربووەکانی:

ناپلیۆن لە ماوەی فەرمانڕەوایەتییەکەیدا بەهۆی کردارە داگیرکارییەکانی بارودۆخێکی ڕیزپەڕ و نەخوازراوی لە ئەوروپادا هێنایەکایەوە، کە لای وڵاتانی زلهێز جێگەی ڕەتکردنەوەبوو. ناپلیۆن کاریکرد بۆ گۆڕینی نەخشەی سیاسیی ئەوروپا بە شێوەیەکی ڕیشەیی، و لە ئەنجامدا سنوورەکانی فەرەنسا بە شێوەیەک فرەوانبوو، کە لە هیچ سەردەمێکدا شتی وەهای بە خۆوە نەبینیبوو (Kramer, 2020: 820 ) بەم شێوەیە بەڕێوەبەریەتییە خۆجێییەکان زیادیانکرد لە (٨٣)ەوە بۆ (١٣٠) بەڕێوەبەریەتی. لە چوارچێوەی ئەو وێنە سیاسییەی ئەوروپای سەردەمی ناپلیۆندا جیاوازییەکی گەورە، و زۆر دەبینن لەو نەخشە سیاسییەی بەر لە شۆڕشی فەڕەنسا، ئەمەش تەواو هاوسەنگی هێزی لەو کیشوەرەدا تێکدابوو، هەژموون و باڵادەستیی فەڕەنسا ڕوون و ئاشکرابوو، ئەمەش تەواو پێچەوانەی بەرژەوەندییە بنچینەییەکانی وڵاتە گەورەکانبوو، بە تایبەت بەریتانیا و ڕوسیا، کاریگەرییە نەرێنییەکانی ناپلیۆن لە بوارەکانی کۆمەڵایەتی و ئابووری و هزری بەسەر ئەوروپاییەکاندا ڕەنگیدابووەوە (نوار، بدون سنه الطبع: ١٣٥-١٣٦). دوای فراوانخوازیی ناپلیۆن، و هەماهەنگیی وڵاتە ئەوروپاییەکان لە بەرپەرچدانەوەی ناپلیۆن و تێکشکاندنی فەڕەنسا، پەیماننامەی پاریسی یەکەمیان بەست. بە مەبەستی چاکسازیی نەخشەی سیاسیی ئەوروپا، و جێبەجێکردنی بەندی (٣٢)ی پەیماننامەی پاریسی یەکەم، کە دەبوو دوای دوو مانگ کۆنگرەیەکی گشتی بۆ ئەو مەبەستە گرێبدرێت، شاری ڤیەننایان دەستنیشانکرد، لەبەر ئەوەی شارێکی گەورەی ئەوروپاییە و پایتەختی یەکێک لە دەوڵەتە گەورە سەرکەوتووەکانی شەڕە، هەروەها

دەسەڵات و فەرمانڕەوایەتییەکەشی نموونەی سیستەمی پارێزگاری کلاسیک و دابونەریت و سیستەمی کۆن بوو لەو سەردەمەدا (عمر، ٢٠١٢: ٣٢-٣٣).

ئەو کۆنگرەیە لە (ئۆکتۆبەری ١٨١٤)، تا (جوونی ١٨١٥) بە بەشداری شا و شازادەیەکی، زۆر فەرمانڕەوای سیاسی و بڕیار بەدەستان، کە نوێنەرایەتیی وڵاتانی خۆیان دەکرد گرێدرا، بە مەبەستی توێژینەوە و چارەسەری ئەو بارودۆخەی، کە لەدەرئەنجامی شەڕەکانی ناپلیۆن هاتبووە ئاراوە (Beatrice de Graff, 2015: 44) جگە لە (تەزار ئەلیکساندر) ئیمپراتۆری ڕوسیا، فرانسیسی یەکەم ئیمراتۆری نەمسا، فردریک ویلهامی سێیەمی پادشای پروسیا، موتەرنیخی سەرۆکوەزیرانی نەمسا، کاستلیری و لورد و لینگتون لە بەریتانیا، تالیران و دوک دوالبێرگ لە فەرەنسا، هارد نبێرگ و دوهۆمبلێت لە پروست و نوێنەرانی هەریەک لەموڵاتانەش بەشداربوون: لە ئیسپانیا کۆنت دولا برادۆر، لە پرتوگال کۆنت دوپالمەلا و چەند کەسی دیکە، هەروەها نوێنەرانی ناپۆلی و دانیمارک و مۆدین و سیسیل، ساردی، هۆڵەندا، ویلایەتەکانی ڕۆمانیا، سویس، باویەر، ساکس، هانۆڤەر، ورتنبێرگ و میرنشینەکانی ئەڵمانیا و شار و کۆمەڵە ئیتاڵییەکانیش تێیدا بەشداربوون (نەقیب زادە، ٢٠٠٨: ٥٧-٥٨).

ئاشکرایە ڕۆڵی هەندێک وڵات ئەوەیە بڕیاری دەستەڵاتدارە گەورەکان پەسندبکەن، لەو کۆنگرەیەشدا بڕیاری سەرەکی لە لایەن چوار هێزی گەورەوە دەدرا، کە لە پەیمانی چومۆن لە(١ی مارسی ١٨١٤)دا هاوپەیمانیەتیی خۆیان لە بەرانبەر فەڕەنسا و مۆنۆپولکردنی بڕیارەکان لە پرسە گرنگەکان ڕاگەیاندبوو، وەک تێبینی دەکرێت و وەک پیشەی هەمیشەییان وڵاتانی زلهێز بۆ میکیاژکردنی کارەکانیان و نیشاندانی کۆدەنگی لە سەریان، ژمارەیەکی زۆری وڵاتان لە کۆنگرە

نێودەوڵەتییەکان بەشداری پێدەکەن، بەڵام لە ناوەڕۆکدا کاری وڵاتە بچووکەکان تەنها بەڵێ و واژۆکردنی بڕیاری وڵاتە دەستڕۆیشتووەکانی جیهانە.

## دووەم: کەسایەتییە کاریگەرەکانی بەشداربووی کۆنگرە

لەبەر گرنگی و لێهاتوویی ئەو کەسایەتییانەی کە نوێنەرایەتیی ئەو پێنج دەوڵەتەی دەکرد، کە ڕەنگڕێژی سیاسەتی ئەو کاتەی ئەوروپایان لەئەستۆدا بوو، بۆیە بە پێویست زانرا بە جیا باسبکرێن و تیشکبخرێتەسەر ژیان و تێڕوانینی سیاسییان. دیارە باسکردنی ئەو کەسایەتییانە، بۆ ئەوە گرنگە، چونکە لەکاتی کۆنگرێسدا دەسەڵاتی تەواوی وڵاتەکانی خۆیانیان هەبووە، بۆیە تێڕوانین ویستی سیاسیی ئەوان کاریگەریی بەرچاوی هەبوو لەسەر ئاڕاستەکردنی نەخش و بڕیارەکانی کۆنگرێس، واتە بڕیارەکانی ئەوان ڕاستەوخۆ بووەتە بڕیاری کۆنگرە:

١.موتەرنیخ Klemens von Metternic (١٧٧٣-١٨٥٩) : ڕاوێژکارێکی سیاسیی بەناوبانگی نەمساوییە، لە بنەماڵەیەکی خانەدان لە (کوبلنز) لەدایکبووە، لە ساڵی (١٧٨٨)دا لە زانکۆی ستراسبۆرگ دەستی بەخوێندن کردووە، و لە ساڵی (١٧٩٤) یەکەمین کتێبی دەربارەی کاری سیاسی و دبلۆماسی نووسیوە. کەسێکی پابەند بە دەسەڵاتبووە، و زۆر کۆنەخواز و دژی بزوتنەوە شۆڕشگێڕە ڕادیکاڵەکان بووە. بە هۆی بەناوبانگیی خانەوادەکەیەوە تێکەڵ بە کاری سیاسی بووە، و لە (١٧٨١) بووەتە باڵویزی نەمسا لە سەکسۆنیا، و لە (١٨٠٢)دا لە پڕوسیا و لە (١٨٠٦) لە فەڕەنسا، هاوڕێیەتیی زۆری لەگەڵ سەرکردە سیاسییەکانی ئەو کاتەی ئەوروپا هەبووە. لە جەنگی نێوان فەڕەنسا و نەمسادا ماوەیەک بە دیل گیراوە، و دوای ئازادبوونی لە (١٨٠٩) بووەتە وەزیری دەرەوەی نەمسا، و لە (١٨١٨) بووەتە ڕاوێژکاری گشتیی پادشا، و بەهۆی پێگە بەهێزەکەیەوە ڕۆڵێکی گەورەی لە بەڕێوەچوونی کۆنگرەی ڤیەننای

(١٨١٥)، و كۆنگرە نێودەوڵەتییەکانی دواتردا گێڕاوە، هەر بەهۆی ئەو ڕۆڵە گەورەی لە سیاسەت و دبلۆماسیەتە نێودەوڵەتییەی لە ئەوروپا گێڕاویەتی لە لای هەندێک مێژوونووس ماوەی ساڵانی (١٨١٥–١٨٤٨) بە سەردەمی موتەرنیخ ناوزەند دەکرێت (سابر، ٢٠٠٩: ٣٠٠-٣٠١). موتەرنیخ کاریگەریی گەورەی بەسەر ئەوروپاوە هەبووە، بە تایبەت لە کۆنگرەی ڤیەننا، کە دوو جۆر خۆتێهەڵقورتانی هەبوو، ڕاستەوخۆ لە هەندێ ناوچەی ئەوروپادا، بۆ نموونە ترساندنی ئیتاڵییەکان لە ڕێگەی هەبوونی نفوزی نەمسا لە هەرێمی لۆمباردی و ڤینیسیادا. کاریگەریی ناڕاستەوخۆ دەیتوانی دەسەڵاتی بەسەر ناوچەکانی ئەوروپادا بسەپێنن (Miller, 1997: 42). لێرەوە دەردەکەوێت کە ڕۆڵی موتەرنیخ بوو بەهۆی بەهێزی پێگەی نەمسا لەکۆنگرەی ڤیەننادا.

٢.کاستلیری Viscount Castlereagh (١٧٦٩–١٨٢٢): ناوی ڕاستەقینەی (ڕۆبەرت ستیورات) بووە، بە ڕەچەڵەک خەڵکی ئێرلندایە، یەکێکبووە لە کەسایەتییە سیاسییە بەناوبانگەکانی شانشینی یەکگرتووی بەریتانیا، و کەسێکی پاند بە نەریت و کۆنەخواز بوو، هاوسۆزییەکی زۆری بۆ پادشا هەبووە لە ماوەی ساڵانی (١٨٠٥–١٨٠٩) وەزیری جەنگبووە، و دواتر لە ماوەی ساڵانی (١٨١٢–١٨٢٢)دا بووەتە وەزیری دەرەوەی بەریتانیا، لەگەڵ دەستبەکاربوونی بە وەزیری دەرەوە هەوڵی هاوپەیمانیەتیی داوە لەگەڵ ڕوسیا و پروسیا و نەمسا و سوید دژ بە ناپلیۆن، لە ماوەی کارکردنیدا کەسێکی زۆر بە توانا و دبلۆماتکارێکی ناسراوی گەورەی ئەوروپا بووە، لە شەڕی (لایبزیکی ١٨١٣)دا لە بەرەی هاوپەیمانانی ئەوروپا دژ بە ناپلیۆن ڕۆڵێکی گەورە و بەرچاوی بینیوە، دواتریش لە هەردوو پەیماننامەی پاریسی یەکەم و دووەم و کۆنگرەی ڤیەننادا ڕۆڵی کاریگەر و یەکلاکەرەوەی گێڕاوە (سابر، ٢٠٠٩: ٢٥). دەیویست، کە ڕۆڵی گرنگی بەریتانیا لە ئەوروپا زیادبکات، هەروەها لە فرەوانخوازیی ڕوسیا لە نێوەڕاستی ئەوروپا دەترسا. لەبەرئەوە هەموو

هەوڵی بۆ ئەوە بوو کە دەسەڵاتی ڕووسیا لە ئەوروپا سنووردداربکات. (Merriman,1996: 572)

٣.ئەلکساندەر یەکەم Alexander I (١٧٧٧-١٨٢٥): پاش مردنی باوکی لە ماوەی ساڵانی (١٨٠١-١٨٢٥) بووە بە ئیمپراتۆڕی ڕوسیا، لە سەرەتای کاری سیاسیدا کاریگەربووە بە بیروباوەڕی کراوە، و پێشکەوتووخوازی، بەڵام دواتر بەرەو کۆنخوازی گۆڕاوە، لە ساڵی (١٨٠٥)دا چووەتە هاوپەیمانیەتی دژ بە ناپلیۆن، و لە شەڕەکانی (ئوسترالتز، فریدلاند)دا بەرانبەری تێکشکاوە، بەڵام دواتر لە ساڵی (١٨١٢)دا ناپلیۆن هێرشی کردە سەر ڕوسیا و شکستی خوارد، خۆی بە خاوەنی سەرکەوتنەکانی جەنگی دژە ناپلیۆن دەزانی، بۆیە دەیویست دەستکەوتەکانی بچنێتەوە (Freksa, 1919: p.xi). دواتریش لە شەڕەکانی هاوپەیمانانی ئەوروپا دژ بە ناپلیۆن بەشداریی کارای کردووە لە تێکشکاندن و دوورخستنەوەی ناپلیۆن لە دەسەڵاتدا، لە کۆنگرەی ڤیەننادا بەشداریکردووە، و کەسێکی دووفاقی بووە، و لە سەرەتادا کاریگەربووە بە بیروباوەڕی ئازادیخوازی، بەڵام دواتر کەوتووەتە ژێر کاریگەریی ئاینەوە، تایبەت لە کۆتایی ساڵانی فەرمانڕەوایەتیدا (الکیالی، عبدالوهاب، بدون السنة: ص٢٦٢). زۆر ڕەخنەی لە بیروباوەڕەکانی شۆڕشی فەڕەنسا گرتووە، هەروەها دژی هەستی نەتەوایەتی بووە، پێیوابووە، کە ئاین چارەسەری کێشەکانە، و زەمانی یەکێتیی کۆمەڵایەتییە. (Trencsényi, 2016: 133)

٤.تالێران، چارلس موریس دی تالیران (١٧٥٤-١٨٣٨): دیپلۆماسێکی فەڕەنساوییە لە پاریس لەدایکبووە، وەزیری دەرەوە بووە لە سەردەمی ناپلیۆندا، دوای ئەویش یەکێک بووە لە کەسایەتییە دیارەکانی کۆنگرەی ڤیەننا، بە هۆی ژیری و توانا دیپلۆماسییەکەی، و کەسایەتییە بەتواناکەی ڕۆڵێکی بەرچاوی هەبووە، دەیویست هاوسەنگی هێز بپارێزێت، و

فەڕەنسا لە وڵاتێکی دەرکراوەوە بگێڕێتەوە نێو هاوکێشەکان، و بیکاتەوە وڵاتێکی کاریگەر. بە جۆرێک، کە جیاوازیی نێوان وڵاتە سەرکەوتووەکانی قۆستەوە و گەورەی کرد. بۆ ئەوەی لەم ناوەدا بەرژەوەندییەکانی فەڕەنسا دەستەبەربکات بە تایبەت ئەوانەی، کە دوای تێکشکانی ناپلیۆن لەدەستیدابوون، ئەوەش لەسەرئەنجامدا تا ئەندازەیەک لە بەرژەوەندیی فەڕەنسا بوو. (Britannica, https://www.britannica.com/event/Civil-Constitution-of-the-Clergy) (Ramm, 2013:178, 185),(Kissinger,1956:267)

٥.فیدریک ولیەمی سێیەمی پادشای پڕوسیا١٧٧٠-١٨٤٠: پادشای پڕوسیا بوو، لە سەردەمی ئەودا پڕوسیا بوو بە یەکێک لە دەوڵەتە گەورەکانی ئەوروپا، سوپاکەی بەهێزبوو، هەم سنووری وڵاتەکەی فرەوانبوو. لە کۆنگرەی ڤیەننادا لەسەر کێشەی دابەشکردنی (سەکسۆنیا) لایەنگریی قەیسەری ڕوسیا بوو، خەریکبوو پڕوسیا تووشی شەڕێک بکات لەگەڵ بەریتانیا، فەڕەنسا و نەمسا. دوای دانوستانی زۆر توانی ڕووباری ڕاین و ویستڤالیا و بەشێک لە سەکسۆنیا بەدەستبهێنێت. (Britannica, https://www.britannica.com/biography/Frederick-II-king-of-Prussia)

بەسەرنجدان لە بەشداربووانی کۆنگرە و بە تایبەت نوێنەرانی پێنج وڵاتە زلهێزەکە، درک بەو ڕاستییە دەکرێت کە خاڵی هاوبەشی نێوانیان پارێزگاریکردن بووە لە سیستەمە کۆنەکان و دژایەتیکردنی بزوتنەوە شۆڕشگێڕەکان و پاراستنی دۆخی باوی سیستەمی سیاسی لە کیشوەری ئەوروپا، دواتریش ئەو بیر و بۆچوونە کۆنەپارێزەریانە لە تەواوی

بڕیارەکانی کۆنگرەدا ڕەنگیداوەتەوە. هەر ئەوەش وایکرد کە کۆنگرەی ڤیەننا بە کۆنگرەی هەژموون و باڵادەستیی کۆنەخوازان هەژماربکرێت.

## سێیەم: گرنگی و بنەماکانی کۆنگرە و ئەو بارودۆخەی کۆنگرەکەی تێدا گرێدرا

ئەو کۆنگرەیە یەکێکە لە گرنگترین ئەو ڕێککەوتننامە سیاسییانەی، کە لە سەدەی نۆزدەیەمدا بەسترابێت، لەو کۆنگرەیەدا وڵاتە هاوپەیمانە سەرکەوتووەکان، بڕیارياندا، کە هاوسەنگیی هێزی نێودەوڵەتی لە ئەوروپادا بپارێزن، هەروەها سیستەمی فەرمانڕەوایەتیی بگەڕێننەوە بۆ دۆخی پێش هەڵگیرسانی شۆڕشی فەرەنسا، جگە لەوە گەڕانەوە بۆ دابەشکردنی هێزەکان بە شێوەیەک، کە چەتری ئاشتی باڵ بەسەر ئەوروپادا بکێشێت، دوای ئەوەی، کە ماوەیەکی دوورودرێژ و ساڵانێکی زۆر تاڵاوی جەنگ و کاولکاریی چێشت، ئەوە لە لایەک، لە لایەکی دیکەشەوە ئەو دەوڵەتانەی کە بەشداربووی کۆنگرەکە بوون ویستیان دەرسێکی ئەخلاقی ئیمپڕاتۆری لابراو، و دەوڵەتی فەڕەنساش بدەن، کە چیدی ئارەزووی فراوانخوازیی سنووری دەوڵەتەکەیان نەکەن، کە هیچ هێزێک نەیتوانی ئەو هەستە بەربەستبکات، تەنیا هاوپەیمانی ئەوروپایی نەبێت، کە توانی شکستیپێبهێنێت. لە سەرەتادا نیەتی هاوپەیمانان وابوو، کە ئەندامانی کۆنگرە، واتە ئەو دەوڵەتانەی کە بەشداربن لە کۆنگرەدا تەنیا ئەو چوار دەوڵەتە بێت، کە ڕۆڵی سەرەکیان لە شکستپێهێنانی ناپلیۆندا بینیوە، و توانایەکی لەڕادەبەدەریان لە کۆتاییپێهێنانی فرەوانخوزیی پۆناپەرت و سیستەمە سیاسییەکەی لە فەرەنسادا هەبووە، ئەوانیش (ڕوسیا، پروسیا، ئینگلتەرا و نەمسا)بوون. لە ڕاستیدا نەشدەکرا، فەڕەنسا هەرچەند دەوڵەتێکی شکستخواردووی جەنگبوو، وەک ئەندامی کۆنگرە ئامادەنەبێت، و دوور بخرێتەوە، کە زیادتر توانای دیاریکردنی نەخشەی سیاسی داهاتووی ئەوروپای هەیە، هەربۆیە زۆر پێویستبوو، کە

بانگهێشتی کۆنگرەکە بکرێت و ئامادەبێت. (سبکی، ٢٠١٥: ١٥١-١٥٢). سەبارەت بە کەشی نێو کۆنگرە و ساتی گرێدانی، فیشەر بە شێوەیەکی ئەدەبی وەسفی دەکات و دەنووسێت: "لە کاتی بەستنی ئەو کۆنگرەیەدا لە لایەن سیستەمی سەرۆکایەتیی کۆن و لە کاتژمێری ڕزگاربوونە گەورەکە، دەستلەملانی یەکدی لە ئاهەنگی جوان و خۆش و دڵڕفێنەکاندا، پاریس لە دوای کودەتای ترامیدۆر سەمای کرد و ... ڤیەنناش کەوتە سەماکردن لە ماوەی پاییز و زستانی هەمان ساڵدا، بەڵام ناپلیۆن لە قەڵایەکی پارێزراوبوو لە ئەلبا، سیاسییەکانیش کاریاندەکرد بۆ دانانی بناخەیەکی ئەوروپایی نوێ ... شۆڕشی فەڕەنسا لە چاوی ئەوانەوە گەورەترین مەترسیبوو، هەروەها دەرهاویشتەکانی ئەو شۆڕشەیان بە هەڕەشە بۆ سەر مرۆڤایەتی لەقەڵەمدەدا" (فیشەر، ٢٠١٥: ١٠٨)، واتە وڵاتە سەرکەوتووەکان بە هەموو شێوەیەک دەیانویست بۆ سیستەمی کۆنەخوازی پێش شۆڕشی فەڕەنسا بگەڕێنەوە.

کارەکانی کۆنگرە بە ئامادەبوونی نوێنەرانی هەر چوار وڵاتە گەورەکەی ئەوروپا (بەریتانیا، نەمسا، ڕوسیا و پروسیا) لە (١٣ی سێبتمبری ١٨١٤)دا دەستیپێکرد، دوای دە ڕۆژ تالیڕانی سەرۆک وەزیرانی ئەوکاتەی فەڕەنسا توانی خۆی بگەیەنێتە کۆنگرەکە، و بە دبلۆماسیەت و لێهاتوویی خۆی باوەڕ بە زلهێزەکان بکات، کە بەشداری فەڕەنسا لەو کۆنگرەیەدا پێویستە، بەم شێوەیە ئەو لیژنە چوار قۆڵییە بووە پێنج قۆڵی، و فەرەنسا هاوشانی زلهێزەکان بەشداربوو تێیدا، ئاشکرایە ئامانجی تالیڕان لەو کۆنگرەیەدا ئەوە بوو، کە ڕۆڵی پێشەنگی و سەرکردایەتیی فەڕەنسا لە ئەوروپادا بەدەستبهێنێتەوە (Shroeder, 1994: 521)، یا لانی کەم زیانی فەڕەنسا لەو کۆنگرەیە زۆر کەمبکاتەوە.

لەمیانەی بەڕێوەچوونی کۆنگرەدا جگە لەو لیژنەیە چەندین لیژنەی دیکە پێکهێنران لەو دەوڵەتانەی، کە دواتر واژۆیان لەسەر

بڕیارەکانی کۆنگرە کرد، وەک (سوید، ئیسپانیا و پورتوگال)، کاری سەرەکیی ئەو لیژنانە ئامادەکردنی پرۆپۆزەڵ و بەرزکردنەوەی ڕاپۆرت و توێژینەوە بوو سەبارەت بەچەند پرسێکی گرنگ، لەوانە بازرگانیکردن بە کۆیلە، و یەکێتیی سویسرا، و بارودۆخی ئەڵمانیا، و دانانی دەستوورێک بۆی، و (لیژنەی ئامارەکان)، کە تایبەت بوو بە سەرژمێریی ئەو ناوچانەی، کە گۆڕانکارییان تێدا دەکرێت، یان وەک قەرەبوو دەدرێنە وڵاتانی بەشدار، وەک بڕیاری کۆنگرە. هەروەها ئەو کۆنگرەیە گفتوگۆی کرد لە بارەی کێشەکانی پۆڵەندا، سەکسۆنیا، سنووری ڕاین، بەلجیکا، هۆڵەندا، دانیمارک، سوید، سویسرا، ئیتاڵیا، یەکێتیی ئەڵمانیا و ڕووبارە نێودەوڵەتییەکان. لە کۆنگرەیەکی وەها گرنگ و پڕ پرس لە بارەی جیاوازیی بەرژەوەندیی وڵاتە دەستڕۆیشتووەکان، مشتومڕ و تێکگیرانی بەرژەوەندییەکان و جیاوازیی ناکۆکی و ململانێی زلهێزەکان لە کۆنگرەیەدا گەیشتە ئاستێک، کە فەڕەنسا و نەمسا و بەریتانیا خەریکبوو هاوپەیمانییەک لە دژی داواکارییەکانی پڕوسیا و ڕوسیا پێکبهێنن (عمر، ١٩٩٦: ٤٠-٤١). ناپلیۆن لەو ماوەیەدا، کە لە دوورگەی ئەلبا بوو ئاگاداری نێوخۆی فەرەنسا و بێزاریی خەڵکبوو لە دۆخی نوێ، لە ڕێگەی ڕۆژنامە و بڵاوکراوەکانەوە هەواڵەکانی کۆنگرەی ڤیەننا و دووبەرەکی و کێشمەکێشمی هاوپەیمانەکان لەسەر دابەشکردنی ناوچەکانی ژێر دەستەڵاتی فەرەنسای پێدەگەیشت. هەر بۆیە ڕێککەوتنەکەی خۆی لەگەڵ هاوپەیمانان شکاند، و لە دوورگەی ئەلبا هەڵهات، و بە نهێنی بەرەو کەنارەکانی فەڕەنسا کەوتەڕێ، لەگەڵ دەرکەوتنیدا لە نێو خاکی فەڕەنسا لایەنگر و ئەفسەر و سەربازەکان پێشوازیی گەرمیان لێکرد، بەرەو پاریسیش دوای کەوتن. کاتێک لویسی هەژدەهەم، کە بە هەواڵەکەی زانی، خۆی کۆکردەوە، و بۆ بەلجیکا هەڵهات، ناپلیۆنیش بە خۆی و لایەنگرەکانیەوە لە (٢٠ی ئازاری ١٨١٥)دا گەیشتە کۆشکی تالیێران، و حوکمی سەد ڕۆژەی دەستپێکرد. (کەریم، ٢٠١٩: ٢١١- ٢١٢). ئەندامانی کۆنگرەی ڤیەننا، کە ئەمەیان بیست، هەر زوو بەیاننامەیەکیان دەرکرد لە

(١٣ی مارتدا) کە تالیران بە ناوی فەرەنساوە واژۆی کردبوو، تێیدا ناپلیۆنیان وەک دوژمنی شارستانیەت و مرۆڤایەتی لەقەڵەمدابوو. جگە لەوەش بانگهێشتی هەموو ئەوروپایان کرد، تاوەکو ڕووبەڕووی ناپلیۆن ببنەوە، هەرچەندە ناپلیۆن بە هەموو جۆرێک هەوڵیدا وڵاتە ئەوروپاییەکان بەوە ڕازی بکات، کە ئەو نیازی باشە و پەیماننامەی پاریسی بە سەرجەم بەندەکانییەوە پەسندە، بەڵام وڵاتە ئەوروپاییەکان بەمە ڕازینەبوون، بۆیە بڕیاریاندا هەریەکەیان (١٥٠) هەزار سەرباز بۆ دوورخستنەوەی ناپلیۆن تەرخانبکەن. ناپلیۆنیش سوپایەکی نیو ملیۆنی کۆکردەوە، و بڕیاریدا دەستپێشخەری بکات، و هێرش بکاتە سەر دوژمنەکانی دوای چەند شەڕێک دواجار هەردوو سوپا لە (١٨ی حوزەیرانی ١٨١٥)دا لە (واترلۆ – شارێکە لە باشوری بەلجیکا) بەیەکگەیشتن. لە سەرەتای شەڕدا سوپای ناپلیۆن تەنیا بەرانبەر سوپای بەریتانیا بوو زۆری نەمابوو سەربکەوێت، بەڵام دوای گەیشتنی سوپای پڕوسی بە سەرکردایەتی (بلوخەر) سوپای فەرەنسی شکستی گەورەی خوارد، و نزیکەی (٣٠)هەزار سەربازی کوژراوی بەجێهێشت. بەم جۆرە کۆتایی بە هێزی ناپلیۆن هات، و جارێکی دیکە بۆ دورگەی (سانت هێلانە دورگەیەکی تەریکی جیهانە) دورخرایەوە، تا لە (٥ی ئایاری ١٨٢١)، و مردنی لەوێ مایەوە(حسێن، ٢٠١٤: ١٥٣-١٥٤). جارێکی دیکە، و بۆ جاری دووەم هێزی هاوپەیمانان لەگەڵ لویسی هەژدەهەم چونەوە نێو پاریس، لویسی هەژدەیەم (١٧٥٥-١٨٢٤)ناوی تەواویی لویس ستانسلاس ئەکزافییە ناسناوی کونت بروفنس بوو، برای لویسی شانزەیەم بوو، بەپێی بنەمای شەریعیەتی کۆنگرەی ڤییەننا لەماوەی ساڵانی (١٨١٤-١٨٢٤) وەک ئەندامی بنەماڵەی بۆربۆن کرایە پادشای فەڕەنسا. پەیماننامەی پاریسی دووەمیان لەگەڵ دەسەڵاتی نوێ لە (٢٠ی نۆڤەمبەر) واژۆکرد، ئەو پەیماننامەیە دەرهەق بە فەڕەنسا توندوتیژتربوو لە پەیماننامەی پاریسی یەکەم، ئەو پەیماننامەیەی بژاردی جەنگی بە (٧٠٠ حەوتسەد) ملیۆن فرانک قەبڵاند، و زیادتر لە (٣ سێ) ملیۆن فرانکیشی وەک قەرەبوو خستە ئەستۆی دەوڵەمەندارانی فەرەنسا،

ئەمە جگە لە ڕەزامەندیی فەرەنسا لەسەر مانەوەی هێزی هاوپەیمانان بۆ ماوەی (٥) ساڵ لەسەر خاکی فەرەنسا، هەروەها پێویستیش بوو تێچووی ئەو سوپایە لەسەر وڵاتی فەرەنسا بێت، و پێویستیشی کرد، کە سنوورەکانی بگەڕێتەوە بەر لە شۆڕشی فەرەنسا جگە لە شاری (نیس)، و بەشێک لە زەوییەکانی (سافوای) (هریری، ٢٠٠٣: ١٣٩).

هەرچەند پەیماننامەی پاریسی دووەم لە هی یەکەم توندتر و کۆتوبەندی زیادتری خستەسەر پێوەندیی دەسەڵاتدارانی فەرەنسا، بەڵام لە جێگەی خواست و ویستی وڵاتانی هاوپەیماندا نەبوو، ئەمەش بۆ دوو خاڵ دەگەڕایەوە، کە یەکەمیان: ترسی حکومەتەکانی لەندەن و ڤیەننا لە تێکچوونی هاوسەنگیی هێز و لاربووی بە لای پڕوسیا و ڕوسیادا. دووەمیان: ترسی لەندەن لە جێگیرنەبوونی دەستەڵاتی لویسی هەژدەهەم، و دروستبوونی هەڵگەڕانەوەی جەماوەری، کە ئەمەش جارێکی دیکە لە بەرژەوەندیی بەریتانیادا نەبوو، بۆیە دەکرێت لەو پەیماننامەیەش جۆرێک لە هاوسەنگی و دادپەروەری بەدیبکەین لە پێناو ئارامیی ئەوروپادا.

### چوارەم: ئامانجەکانی کۆنگرەی ڤیەننا:

دەکرێت مەبەست و ئامانجەکانی کۆنگرەی ڤیەننا دابەشی دوو بەش بکرێت: یەکەمیان؛ ئەو ئامانجانەی کە سەرجەمی وڵاتان وەک ئامانجی گشتی تیاندەڕوانی، و لە خەمی جێبەجێکردنیدا بوون. کە مەبەستیان بوو بارودۆخ بە گشتی بگێڕننەوە پێش ڕوودانی شۆڕشی فەرەنسا ڕیشەی بیروباوەڕە نوێیەکانی شۆڕشی فەرەنسا لە ڕیشەوە هەڵکەنن. دووەمیان؛ ئامانجی دەوڵەتە سەرەکەوتووەکانی جەنگ، کە هەریەکەیان مەبەستی بوو پشکی شێری دەستکەوتەکان بەر خۆی بکەوێت، بە جۆرێک کە قەرەبووی زیانەکان و نەهامەتییەکانی بکاتەوە، سەبارەت بە ئامانجە گشتییەکان (د. عبدالعزیز سلیمان نوارو د. عبدالحمید نغیمی) دەنووسن:

١- زاڵبوون و دەستبەسەرداگرتنی بیروباوەڕی شۆڕشگێڕی لە سەراپای ئەوروپادا، و ڕیشەکێشکرنی هەموو دیدگا و تیێڕوانینێکی نوێ، کە لە شۆڕشی فەڕەنساییەوە سەرچاوەی گرتبوو، کە پێیانوابوو ئەمە دەستەبەری ئاشتی و پێکەوەژیان لە ئەوروپادا دەکات.

٢- دەستگرتن بە (بنەمای شەرعیەت)، و گێڕانەوەی سەرجەم ئەو میر و پادشایانەی، کە لە سەردەمی فرەوانخوازیی ناپلیۆن لە پۆستەکانیان لادرابوون، هەموو هۆکارێکی پێویست بگیرێتەبەر بۆ پارێزگاری (سیستەمی کۆمەڵایەتیی کۆن و کلاسیک، و گێڕانەوەی بیری کۆنەخوازی لە ئەوروپا).

٣- بەدگومانی بەرانبەر فەڕەنسا، کە وەک سەرچاوەی نەهامەتییەکان سەیردەکرا، بۆیە پێویستە هەموو کارێک بکرێت بۆ لاوازکردنی فەڕەنسا لە بواری سیاسی و ئابووری و سەربازیدا، هەروەها پاڵپشتیی ماددی و مەعنەوی هەموو ئەو دەستە و گرووپە پارێزگار و کۆنەخوازانە بکرێت بۆ ئەوەی جارێکی دیکە بیروباوەڕی شۆڕشگێڕی لە وێنەی شۆڕشی فەڕەنسا لە ئەوروپادا بڵاونەبێتەوە، و نەبێتە سەرچاوەی هەڕەشەیەکی نوێ لەسەر بەرژەوەندیی وڵاتە گەورەکانی ئەوروپا (نوار، نعنعی، بدون سنه الطبع: ١٤٠)(Merriman,1996: 579) بۆ گەیشتن بەو ئامانجە گشتییانە دەبێت چاومان لەسەر دوو خاڵی گرنگ بێت: یەکەمیان؛ دروستکردنی پشتێنەیەک بە دەوری فەرەنسادا بۆ ئەوەی بە تەواوەتی گۆشەگیری بکات، و لە دونیای دەرەوە دایببرێت، هەروەها بەربەستبێت لە سەرلەنوێ بڵاوبوونەوەی بیروباوەڕی شۆڕشگێڕی. دووەمیان؛ سەرلەنوێ داڕشتنەوەی سیاسیەتی ئەوروپا لەسەر بنەمای پاراستنی هاوسەنگی هێز و شەرعیەتی کۆنەپارێزی و دژایەتیی بیروباوەڕی قەومی و نەتەوەیی (نصار، بدون سنة الطبع: ٣٤).

به سەرنجدان لەو ئامانجە گشتییانە، کە بەشێک لە مێژوونووسان بە ئامانجە ئاشکراکانی کۆنگرە ناوزەندیان دەکەن، دەردەکەوێت لە دەوری چەند پرسێکی گرنگ و هەستیار دەسوورێنەوە.

یەکەم: گێڕانەوەی (شەرعیەتی ئیلاهی و ئاسمانی) لە جێگەی (شەرعیەتی جەماوەری و شۆڕشگێڕی)، کە شۆڕشی فەرەنسی نوێنەرایەتیی دەکرد، ئەو ململانێیە لە نێوان ئەو دوو شەرعیەتەدا لە ناوەڕاستی سەدەی هەژدەهەم، و بە تایبەت لە سەرەدەمی ڕۆشنگەرەکانەوە دەستپێدەکات، و تا شۆڕشی (١٨٤٨) ئەورووپا بەردەوام دەبێت، ئەوە شەڕی (کۆنەخواز و نوێخوازە) شەڕی دیدگا و تێڕوانین و هەڵسەنگاندنی جیاوازە بۆ حوکم و فەرمانڕەوایەتیی شەڕی (شەرعیەتی ئیلاهی) و (شەرعیەتی شۆڕشگێڕی)ـە.

دووەم: گێڕانەوەی سنوورەکانە بۆ بەر لە شۆڕش، و گێڕانەوەی هاوسەنگیی هێزە، کە بە هۆی فراوانخوازییەکانی ناپلیۆنەوە دروستبووبوو، ئەو فرەوانخوازییانەی، کە هەرگیز لە لایەن وڵاتانی زلهێزی خاوەن بەرژەوەندی جێگەی پەسندکردن، و چاولێپۆشینەبووە.

سێیەم: جێبەجێکردنی (بنەمای قەرەبووکردنەوە)ی وڵاتە زیانلێکەوتووەکان، ئەمەش سەرلەنوێ داڕشتنەوەی نەخشەی سیاسیی ئەورووپای لێکەوتۆتەوە.

سەبارەت بە ئامانجە تایبەتییەکانی هەر وڵاتێک لە وڵاتە زلهێزەکان، ئەوا دەتوانرێت بەو شێوەیە پۆلبکرێن:

أ- موتەرنیخی نەمساوی، کە وڵاتەکەی میوانداریی کۆنگرەکەی لە ئەستۆگرتبوو، چەند نیاز و مەبەستێکی لەبەرچاوگرتبوو، لە لایەک ئامانجیبوو، هەموو ئەو زەوییانە بگێڕێتەوە، کە بە هۆی شۆڕشی

فەرەنساوە لەدەستیدابوون. لەلایەکی دیکەشەوە، چاوی لەسەر کەمدەستیی ڕوسیا لە پۆڵەندا، و بەسەر ڕانەگەیشتنی پڕوسیا بۆ ئەڵمانیا بوو، هەروەها مەبەستی پاراستنی سیستەمی کۆن و بەرقەرارکردنی ئاشتی و دروەوخستنەوەی ئەوروپا بوو لە زاڵبوونی وڵاتێک بەسەریدا (نوار، بدون السنه الطبع: ١٤٠- ١٤١).

ب- بەریتانیا ئامانجی گەشەپێدان و بەردەوامیی باڵادەستیی خۆی هەبوو، بە تایبەت سەرکەوتنەکانی بەریتانیا لە سەردەمی شۆڕشی فەرەنسادا، کە لە دەرئەنجامی لاوازیی دەستەڵاتی ئەو وڵاتە بەدیهاتبوون. سەرنجی بەریتانیا زیادتر لەسەر کۆڵۆنییەکان بوو، بە تایبەت لە هەوڵی ئەوەدابوو دەستی بەو ناوچانە ڕابگات، کە لە لایەن ئیسپانیا و پرتوگال و هۆڵەنداوە داگیرکرابوون. هاوکاری بەریتانیا لەگەڵ خەباتگێڕانی کۆڵۆنییەکانی ئەو وڵاتانە هەر لەبەر ئەو هۆیەبوو، دبلۆماسی بەریتانیاش لە کۆنگرەی ڤیەننا هەر لەسەر ئەو تەوەرەیە داڕێژرابوو، چونکە بەریتانیا ئەوەی لا ڕوونبوو، کە بۆ گەیشتن بە دەستەڵاتی بێهاوتا لە دەریاکان بێلایەنیی ڕوسیا و فەرەنسای پێویستبوو، چونکە لەوانەبوو فەڕەنسا بەهۆی بازرگانییەوە، و ڕوسیاش بە هۆی بەرژەوەندییەک، کە لەبارەی قوستەنتینییە و بابەتی ڕۆژهەڵاتدا هەیبوو ببنە کۆسپی سەر ڕێگای بەریتانیا.

نەخشەی بەریتانیا بۆ پوچەڵکردنەوەی پەرچەکرداری ئەو دوو وڵاتە ئەوەبوو، کە لە بەرانبەر وەرگرتنی کاپ و سیلای لە هۆڵەندا، بەلجیکا بدەنە هۆڵەندا، کە لە فەڕەنسایان ستاندبۆوە بۆ ئەوەی هەم فەڕەنسا لاوازبێت، هەم هۆڵەنداش نەکەوێتە بیری سەندنەوەی کۆڵۆنیاڵەکانی خۆی، لە بارەی ڕوسیاش دەیوست ئەو وڵاتە لە دەستوەردانی زیادتر لە پۆڵۆنیا بگێڕێتەوە. هەروەها لە بەرانبەر یەکێتیی پڕوسیا و نەمساش ڕایبگرێت، و بە پێچەوانەوە دەستی ئەو دوو وڵاتە لە پۆڵۆنیا ئاوەڵەبکات. جگە لەمەش

بۆ کەمکردنەوەی نفوزی فەڕەنسا لە ئیتاڵیادا، بەریتانیا ڕەزامەندیی نواند بۆ باڵادەستیی نەمسا بەسەر ئیتاڵیادا. بۆچوونی بەریتانیا لە بارەی ئەڵمانیاش ئەوەبوو، دروستبوونی ئەڵمانیایەکی گەورە بە سوودی ئاشتی گشتی نییە، بەڵکو لە بەرژەوەندی هەموو لایەکە میرنشینەکانی ئەڵمانیا لەژێر (چاودێریی وصایە)ی هاوبەشی پڕوسیا و نەمسادابن، و کۆنفیدراسیۆنی هەرێمەکانی ئەڵمانیاش بە لاوازی و ناڕێکی بمێننەوە (نەقیب زادە، ٢٠٠٨: ٥٩).

ج- لە گرنگترین ئامانجەکانی ڕوسیا لە کۆنگرەی ڤیەننادا دەستگرتن بوو بەسەر دۆقیەی وارشۆدا (پۆڵەندا) (Blanning,1996: 25)کە لە ساڵی (١٨٠٥) ناپلیۆن دروستیکردبوو، کە وەکو ململانێیەکی توندی نێوان هەردوو دەوڵەتی ناوبراو مابۆوە، شکستی فەڕەنسا لە دوا جەنگدا کۆتایی بەو ململانێیە هێنا، دوای شکستی فەڕەنسا، ڕوسیا داوای ئەو ناوچەیەی دەکرد، بەڵام وڵاتانی زلهێزی ئەندام لە کۆنگرەدا، مەترسییەکی گەورەیان لە فرەوانخوازییەکانی ڕوسیا هەبوو، و پێیانوابوو دەستگرتن بەسەر پۆڵەندادا، دەستڕاگەیشتنە بەسەر بەشێکی گرنگی ڕۆژهەڵاتی ئەوروپا، و ئەمەش جگە لەوەی مەترسییە بەسەر پڕوسیا و نەمساوە، هاوسەنگیی هێزیش لە ناوچەکەدا تێکدەدا (سبکی، ٢٠١٥: ١٥٤-١٥٥).

- داواکاریی پڕوسیاش چڕبووبووەوە لە سەر هەرێمەکانی ئەڵمانیا و بە تایبەتیش لکاندنی (هەرێمی سەکسۆنیا) بە دەوڵەتەکەیەوە لە بەرانبەر چاوپۆشی لە دەستبەسەرداگرتنی پۆڵەندا لە لایەن ڕوسیاوە، بەڵام نەمسا پێیوابوو ئەمە سنووری پڕوسیا بە شێوەیەک فرەواندەکات زیان بە هاوسەنگیی هێز لە ئەوروپا دەگەیەنێت، دواتر ڕازیبوو بە نیوەی هەرێمی سەکسۆنیا و هەرێمی ڕایین، کە بدرێتە پڕوسیا، و ڕووبەرەکەی زۆر زیادتربوو لە ڕووبەری ساڵی (١٨٠٥)، کە بڕیاری لە بارەوە درابوو (عمر، ٢٠١٢: ٣٨).

هـ- سەبارەت بە ئامانجی فەرەنسا لەو کۆنگرەیەدا دەکرێت بڵێین: تالیرانی سەرۆکی نێردراوی فەڕەنسا لە بارودۆخێکی زۆر ناهەمواردابوو، وڵاتەکەی دۆڕاوی جەنگ بوو، وڵاتانی سەرکەوتووش لە هەوڵی ئەوەدابوون بە شێوەیەک کۆتوبەندی تواناکانی فەڕەنسا بکەن، جارێکی دیکە نەبێتەوە مەترسی بەسەر ئەورووپاوە، بۆیە پێویستبوو لەسەر تالیران بە شێوەیەک مامەڵەبکات و نەرمی بنوێنێت، کە فەڕەنسا لەو گۆشەگیرییە ڕزگاربکات، لەم پێناوەشدا تالیران تاکە ئامانجی گەڕاندنەوەی پێگەی سیاسیی فەڕەنسا بوو، لە نێو گەورەکانی ئەورووپادا، و بۆ بەهێزکردنی متمانەی فەڕەنسا لە لای دەوڵەتە گەورەکان (دەستیهەڵگرت لە هەموو ئەو زەوییانەی، کە لە سەردەمی ناپلیۆن داگیرکرابوون، هەروەها پاڵپشتیی سیستەمی پادشایەتیی ڕەهای دەکرد، کە سیستەمی دڵخوازی بەشداربووانی کۆنگرەبوو، بە تایبەت لای ڕوسیا و نەمساوییەکان) (نوار، بدون السنه الطبع: ١٤٣). بەم شێوەیە هەوڵدرا، کە کاریگەرییەکانی شۆڕشی فەڕەنسا بەسەر ئەورووپاوە کەمبکەنەوە. ململانێ و کێبڕکێی بەشداربووانی کۆنگرە بە شێوەیەک بوو کە کۆنگرە درێژەبکێشێت، خاڵی ناکۆکی ئامادەبووان چاوتێبڕینی ڕوسیا و پڕوسیا بوو بۆ ناوچەکانی پۆڵەندا و سەکسۆنیا، لەو پێناوەدا ڕوسیا دەیوست پۆڵەندا ملکەچی خۆی بکات، پڕوسیا بە ئامانجی ڕەزامەندیی ڕوسیا لە دەستبەسەرداگرتنی هەرێمی سەکسۆنیا پاڵپشت و یارمەتیدەری ڕوسیا بوو، بەڵام نەمسا و بەریتانیا زۆر بە توندی دژی ئەو خواستە بوون؛ یەکەمیان، پێیوابوو زیادبوونی دەستەڵاتی پڕوسیا لە ئەڵمانیا هاوسەنگیی هێز لە ناوچەکەدا تێکدەدا. دووەمیشان، ترسی زاڵبوونی ڕوسیای هەبوو بەسەر ڕۆژهەڵاتی ئەورووپادا. ئەو ناکۆکی و مالملانێیە بە شێوەیەک توندبوو خەریکبوو شەڕی لێبکەوێتەوە (ئەگەر هەواڵی گەڕانەوەی ناپلیۆن و هەڵاتنی لویسی هەژدە نەبوایە، کە لە پێشتر باسمان کرد) بۆیە بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی مەترسییەکان، دەستیان لە جیاوازییەکانیان هەڵگرت (برون، ٢٠٠٦: ٤١٢).

لێرەوە دەردەکەوێت، کە جگە لە دژایەتیکردنی دەسەڵاتی ناپلیۆن و بیروڕاکانی شۆڕشی فەڕەنسا، وڵاتە بڕیاربەدەستەکانی ئەوروپا لەسەر زۆر شت ناکۆکبوون، بە تایبەت لەسەر سنوور و فراوانخوازی.

**تەوەرەی دووەم**

**یەکەم: بڕیارەکانی کۆنگرە:**

١- سەبارەت بە فەڕەنسا کۆنگرە بڕیاریدا سنوورەکانی بگەڕێنرێنەوە بۆ سنوورەکانی بەر لە شۆڕشی فەڕەنسای ساڵی (١٧٨٩)، و دروستکردنی بەربەست لەسەر سنوورەکانی فەڕەنسا بۆ ئەوەی جارێکی دیکە نەبێتە هەڕەشە و مەترسی، بۆ ئەو مەبەستەش لە هۆڵەندا و بەلجیکا دەوڵەتێکی یەکگرتوویان بنیاتنا بە چاوپۆشی گەلەکانیان، و (ولیم ئونیغ) کرا بە پادشای ئەو دەوڵەتە، و هەرێمی (لوکسمبۆگ)یشی پێبەخشرا، بۆ ئەوەی ئەو دەوڵەتە لەسەر پێی خۆی بوەستێت، و بەربەستێکی گەورەبێت لەبەردەم فەڕەنسادا، بەریتانیا داگیرگەی (جاوە)ی خستەسەر ئەو دەوڵەتە نوێیە، و ملیۆنێک جونەیشی پێبەخشی بۆ توندوتۆڵکردنی سنوورەکانی. لەلایەکی دیکەوە، هەرێمی (جەنەوە) خرایەسەر (بیدیومت) بۆ ئەوەی لە داهاتوودا لە لای باکووری ئیتاڵیا بەربەستی بەردەم فەڕەنسا بن، هەروەها دەوڵەتێکی فیدڕاڵی بۆ سویسڕا دامەزرێنرا، کە لە (٢٢) هەرێم پێکدەهات، لەگەڵ بەڵێنی دەوڵەتانی زلهێز بە پاراستنی سەربەخۆیی و ئارامی و ئاسایشی ئەو وڵاتە. (Berger, 2006, 4004-4006)

٢- گێڕانەوەی ئیسپانیا و پرتوگال بۆ سنوورەکانی بەر لە داگیرکاریی ناپلیۆن، و کۆنگرە بڕیاریدا نەرویج لە دانیمارک جیابکاتەوە، و بیخاتە سەر سوید، ئەوەش بۆ جێبەجێکردنی ئەو بەڵێنەی قەیسەری ڕوسیا (ئەلێکساندەر) بە سویدی دابوو لە بەرانبەر هاتنەناوەوەی شەڕ لە

دژی ناپلیۆن، بەڵام سوید لەو گۆڕانکارییەدا دەستیهەڵگرت لە هەرێمی (بۆمیرانیای ڕۆژئاوا) بۆ پڕوسیا و (فنلەندا) بۆ ڕوسیا.

٣- وڵاتی نەمساش بۆ پاراستنی دەسکەوتە کۆنەکانی لە ئیتاڵیا هەرێمی (بندوقیە و کەنارەکانی دالماشی ئەدریاتی) لە بەرانبەر لەدەستدانی (بەلجیکا) وەرگرت، و هەرێمەکانی (نیس و سافوی)شی بەدەستهێنا. هەموو پادشاکانیش گەڕێنرانەوە بۆ سەر تەختی دەستەڵات، و دەستەڵاتی پاپاش گەڕایەوە، و لەژێر فەرمانڕەوایی بنەماڵەی (ئال بۆربۆن) هەرێمی ناپۆلیش دامەزرێنرایەوە، کە بەپێی ڕێککەوتنێکی نهێنی لەگەڵ مەتەرنیخی نەمسایی تەواوی هەرێمەکانی ئیتاڵیا بە بەرژەوەندییەکانی نەمساوە گرێدرابوون.

٤- پڕوسیاش نیوەی هەرێمی (سەکسۆنیا و هەرێمی ڕایین و زەوییەکانی بوزنانی پۆڵەندی بەرکەوت، ئەوە جگە لەوەی سنوورەکانی هەرێمەکانی ئەڵمانیا، کە لە (٣٩) هەرێمدا کۆکرابوونەوە، و (یەکیەتیی ئەڵمانیا)یان لێ پێکهێنابوو بەپێی بەرژەوەندییەکانی نەمسا و پڕوسیا ڕێکخرابوونەوە، بەڵام بەرژەوەندییەکانی نەمسای زیادتر تێدا ڕەچاوکرابوو.

٥- ڕوسیای قەیسەریش زیاتر لەوەی دەستکەوت، کە وڵاتانی هاوپەیمان مەبەستیانبوو پێیببەخشن، ڕوسیا بەشی گەورەی پۆڵەندای پێدرا لەگەڵ (وارشۆ)ی پایتەختیشی، کە لە پڕوسیا وەرگیرابووەوە، بەو پێیەی بەڵێندرابوو بە دروستکردنی (دەوڵەتێکی نیشتمانی بۆ پۆڵەندا)، کە خاوەن دەستووری تایبەت بە خۆی بێت، هەروەها کۆنگرە دانینا بە دەستەڵاتی ڕوسیا لەسەر زەوییەکانی (بیساریا)، کە ئەوکات لەژێر دەستەڵاتی دەوڵەتی عوسمانیدا بوو. (مظفر، ١٩٨٨: ٦٢-٦٥)

٦- بەریتانیاش هەرێمی (هانۆڤەر)ی ئەڵمانیا و جەزیرەی (هیلفولاند)، کە لە ساڵی (١٨٠٧) لە دانیمارک دەستیبەسەرداگرتبوو هەروەها (ماڵتە)، کە لە ساڵی (١٧٩٧) خستبوویە ژێر ڕکێفی خۆی، هەروەها بڕیاردرا بەوەی (جەزیرەی ئایونی) بخرێتە ژێر چاودێریی بەریتانیا، ئەوە جگە لەوەی بەریتانیا دەسەڵاتی بەسەر (رأس الرجاء الصالح و جەزیرەی سیلان و ترینداد و داگیرگەکانی (کاب) و بەشێک لە کینیا)دا پەیداکرد. (Freksa, 1919, xv)

٧- کۆنگرە کۆمەڵێک بڕیاری دیکەی دا، وەک (هەڵوەشاندنەوەی بازرگانی کۆیلە، کە بەشداربووانی کۆنگرەی لەو بارەیەوە بەڵێنیاندا، هەروەها بەرزکردنەوەی پلەی نوێنەرایەتییەکان، کە ئەوە نیشانەی پتەوکردنی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکانی دەگەیاند، هەروەها بەڕێوەبردن و ڕێکخستنی ڕێڕەوە ئاوییە نێودەوڵەتییەکان (مظفر، ١٩٨٨: ٦٢-٦٥). وڵاتان بۆ ڕازیکردنی مرۆڤدۆست و چینی ڕۆشنبیریی ناوەڕاستی کۆمەڵ هەوڵیانداوە، کە کۆیلایەتی هەڵبوەشێننەوە، بەم کارە ویستوویانە، کە بەر لە بڵاوبوونەوەی بیروباوەڕی شۆڕشگێڕی بگرن لە ئەوروپا.

**دووەم: کەموکورتییەکان:**

توێژەرانی مێژووی نوێی ئەوروپا کۆمەڵێک کەموکورتی و کێماسیی ئەو کۆنگرەیان خستووەتە بەرباس، بەم شێوەیەی لای خوارەوە:

١- ئەو کۆنگرەیە و بڕیارەکانی پێداگیربوون لەسەر (مافی شەرعیەت)، کە مەبەست لێی گێڕانەوەی هەموو ئەو شا و شازادانەبوو بۆ سەر دەسەڵات، کە بە هۆی شۆڕشی فەڕەنسا و فراوانخوازییەکانی ناپلیۆنەوە لە دەستەڵات دوورخرابوونەوە.

٢- ناوەرۆکی ئەو بڕیارانە دژایەتیی سەرجەم بزوتنەوە شۆڕشگێڕییەکان، و ڕووبەڕووبوونەوەیان بوو بە شێوەیەکی نادیموکراتی و نامرۆڤانە، ئەو بزوتنەوانەی، ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ بە دروشمەکانی شۆڕشی فەڕەنسا کاریگەربوون.

٣- خۆلادان و فەرامۆشکردنی ئەو هەستە نەتەوەییە بەهێزەی ئەڵمانیا و بەلجیکا و ئیتاڵییەکان لە دژی دەستەڵاتی بێگانە و دژی زاڵبوونی ناپلیۆن پیشانیاندا. دووبارە کەوتنەوە ژێرباری بێگانەیەکی دیکەی، وەک نەمسایی و ڕوسیایی و ئینگلیزەکان، ئەو یەکلاییکردنەوانەی دژی هەستی نەتەوایەتی بوون بۆ بەشێک لە گەلانی ناوچەکە وەک هەڵوێستی وڵاتانی هاوپەیمان لە گەلی نەرویجی، کە ڕازینەبوو بخرێتەژێر فەرمانڕەوایەتیی سویدییەوە، دواتر کەوتنە بەر هەڕەشەی وڵاتە زلهێزەکان، هەروەها دۆخی بەلجیکا بە پێویست و سپێکردنیان خرانە ژێر قەڵەمڕەویی هۆڵەندییەکانەوە، ئەوە جگە لە ڕێکخستنەوەی هەرێمە ئیتاڵییەکان بەپێی بەرژەوەندییەکانی نەمسا (البطريق، ٢٠٢٠: ٤٠٤).

٤- هەرچەندە دەیانزانی، کە سەختە بەڵام بڕیارەکانی کۆنگرە ڕاگەیاندنی شەڕێکی هەمەلایەنەبوو دژ بە دید و تێڕوانینە ئازادەکانی پرەنسیپە دیموکراتییەکان، چونکە بەپێی بنەمای شەرعیەت پادشاکان گەڕانەوە سەر کورسی، و گەلیش لە بەشداریکردن لە فەرمانڕەوایەتی و دیاریکردنی شێوە ژیانی خۆیدا مەحروم کرا، کۆنگرە بنەماکانی شۆڕشی فەڕەنسای فەرامۆشکرد، کە لە لایەنی زۆرینەی گەلانی ئەوروپاییەوە پێشوازی لێکرابوو بیانووی ئەو کارەشیان گێڕانەوەی ئارامی و ئاسایش و دوورخستنەوەی ئەوروپابوو لە سەرلەنوێ دروستبوونەوەی بارودۆخێکی هاوشێوەی فراوانخوازییەکانی ناپلیۆن. (Ramm, 1999: 173)

٥- هەروەها کۆنگرە هەندێ لە داخوازییەکانی دەوڵەتە بچووکەکانی پشتگوێخست، مافەکانیانی کردە قوربانیی بەرژەوەندیی وڵاتە زلهێزەکان، وەک ویلایەتەکانی ئیتاڵیا بوونە دەستکەوت و غەنیمەی نەمسا و ئیسپانیا (تریندادی)ی لەدەستدا، پۆڵەنداش بۆ جاری چوارەم وەک جێبەجێکردنی داخوازییەکانی ڕوسیا دابەشکرا (شاکر، ٢٠١٩: ٧٦٨).

وەک دەبینن چۆن دروشمەکانی (ئازادی و یەکسانی و برایەتی) شۆڕشیی فەڕەنسا، ڕووی یەکەمی ئەو پرسە داگیرکارییە بوو، کە دواتر لە فراوانخوازی و مۆنۆپۆلی دەسەڵاتی ناپلیۆندا ڕەنگیدایەوە، بە هەمان شێوە و بگرە بۆ هەندێ وڵات و تایبەتتر وڵاتە بچووکەکان بە بیانووی گەڕاندنەوەی (ئارامی و شەرعیەت) لە مافە سروشتی و یاساییەکانیان وەک گەل و نەتەوە لە لایەن زلهێزانی ئەو کاتەی جیهانی فەرامۆشکراون، و بێبەشکران، و کەوتنە پەراوێزی بەرژەوەندیی هاوپەیمانیەتی ئەوروپا. لەولا (ئازادی و یەکسانی)، و لەملاش (ئارامی و شەرعیەت) ئاهێکی بە بەرجەستە و گیانی شەکەتیی گەلانی تینوی سەربەخۆیی نەهێنایەوە.

## سێیەم: کاریگەرییەکانی:

کۆنگرەی ڤیەننا، وەک هەموو کۆنگرە و پەیماننامە گرنگەکانی دیکەی دنیا کۆمەڵێک نەخش و کاریگەریی بەسەر کیشوەری ئەوروپاوە بەجێهێشت، کە گرنگترینیان ئەمانەن:

١- بڕیار و ڕاسپاردەکانی کۆنگرەی ڤیەننا کاریگەرییەکی گەورەی لە دوای خۆیەوە بەجێهێشت، ئەو کاریگەرییەش لە تەواوی کۆڕ و کۆبوونەوە و کۆنگرەکانی دواتردا بە ڕوونی دەرکەوت، وەک (هاوپەیمانی پیرۆزی (ئەیلولی ١٨١٥)، کۆنگرەی ئاکس لاشاپیلی (ئەیلولی ١٨١٨)، کۆنگرەی کارلسباد (١٨١٩)، کۆنگرەی تروباور (١٨٢٠)، کۆنگرەی لایباخ (١٨٢١)، کۆنگرەی ڤیەننا ١٨٢٢). تەواوی ئەو کۆنگرە و هاوپەیمانیەتییانە

پێداگیریکردنبوو لەسەر هێشتنەوەی دۆخی باو و دژایەتیکردنی بیر و بزوتنەوە نوێخواز و شۆڕشگێڕەکان، بۆ نموونە (هاوپەیمانی چوارقۆڵی – المحالفه الرباعية – ١٨١٥) کۆمەڵێک مەبەست لە پشتیەوە بوو، یەک لەو ئامانجانەی کە قەیسەری ڕوسیا پێشنیازیکرد، ئەوەبوو، کە ئەو چوار دەوڵەتە (مافی دەستوەردانیان) لە کاروباری ناوخۆی وڵاتان و ڕووبەڕووبوونەوەی بزوتنەوە بەرهەڵستکارەکان هەبێت (نصار، ب-س: ٤٤). هەروەها کۆنگرەی کارلسبادی (١٨١٩)، کە مەتەرنیخ تیرۆرکردنی (ڕۆژنامەنووسێکی کۆنەخواز)ی کردە بیانووی بەستنی ئەو کۆنگرەیە، و کۆبوونەوەی (پەرلەمانی ئەڵمانیا- دایت) لە کارلسباد گرێدا، لەو کۆبوونەوەیەدا بڕیاریدا (کۆت و بەند بۆ ئازادییە گشتییەکان و کەسییەکان دابنرێت، و چاودێری توند بخرێتە سەر ڕۆژنامەگەری و چاپەمەنی و زانکۆکان لە سەرجەم ناوچەکانی ئەڵمانیا. هەروەها بڕیاردرا لیژنەیەکی بەردەوام بۆ چاودێری کاری زانکۆکان دابنرێت) (حوسێن، ٢٠١٤: ١٧٣). کە تا ڕادەیەکی زۆر پانتایی ئازادی ڕادەربڕین سنووردارکرا.

٢- دامەزراوەی (ڕاند RAND) بۆ توێژینەوەی ستراتیژی، لە وڵاتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا سەبارەت بە هاوپەیمانیەتیی ئەوروپا لە سەرەتای سەدەی نۆزدەیەمدا پێیوایە ئەوە (هەنگاوی سەرەتایی و ڕێگەخۆشکردن) بوو بۆ دامەزراندنی (ڕێکخراوگەلی نێودەوڵەتی) لە دواتردا، کە ئامانج لێیان (نێوەندگیریکردن بوو لە ململانێ و کێبڕکێی نێودەوڵەتی)، و بەلاداخستنی کێشە نێودەوڵەتییەکان بوو بە شێوەیەکی ئاشتیخوازانە. هەر ئەو دامەزراوەیە پێیوایە (گەرچی ئەو هاوپەیمانیەتییە لەسەر کۆمەڵێک بنچینەی نافەرمی بونیادنرابوو، بەڵام سەرانی ئەو هاوپەیمانیەتییە پێداگربوون لەسەر بەرژەوەندییە هاوبەشەکانیان، و موکوڕبوون لەسەر ڕووبەڕووبوونەوەی مەترسییەکانی سەریان). ( مؤسسة RAND، ٢٠١٧ WWW.rand.org )

٣- بەپێی (بنەمای شەرعیەت)، کە بنەمایەکی گرنگی کۆنگرەی ڤیەننا بوو پادشاکان گەڕانەوە سەر دەستەڵات، جگە لەوە سەردەمێکی نوێ لە توندوتیژی بەرانبەر خەڵکانی ئازادیخواز دەستیپێکرد، ئەمەش پەرچەکرداری گەورەی نیشتمانی لێکەوتەوە، و بزوتنەوە و ناڕەزایەتییەکان هەموولایەکی وڵاتانی ئەوروپای گرتەوە. ئیسپانیا ناوچەی تەقینەوەی ئەو زنجیرە شۆڕشەبوو، کە لە ساڵی (١٨٢٠) لە بەشێکی ئەوروپا دژ بە سیستەمە کۆنەکان کران، چونکە لە کۆنگرەی ڤیەننا (سیستەمی پادشایەتی ڕەها) گەڕایەوە ئیسپانیا، لەبەر ئەوە دەستووری ساڵی (١٨١٣) ی هەڵوەشێنرایەوە، بۆیە لەو ساڵەدا یاخیبوونی سەربازی و شۆڕش لە دژی پادشا دەستیپێکرد، و پادشا ناچارکرا، سەرجەم کۆت و بەندەکانی بەردەم ئازادیخوازان لابەرێت، و جارێکی دیکە دەستووری ساڵی (١٨١٣) بگەڕێنێتەوە (حوسێن، ٢٠١٤: ١٧٤-١٧٥).

بەپێی پەیمانی پیرۆز دەوڵەتی فەڕەنسا سوپایەکی (١٠٠) هەزار سەربازی بۆ سەرکوتکردنی شۆڕش ڕەوانەی ئیسپانیا کرد، سوپای (٦٠) هەزار کەسی نەمساییش توانی سەرکوتی شۆڕشگێڕانی ئیتاڵیا بکات. (ئەفیمۆن و ئەوانیتر، ٢٠١٣: ١٣٦-١٣٧). فەڕەنساش بارودۆخی لە وڵاتانی دیکەی وەک ئیسپانیا و ئیتاڵیا باشتر نەبوو، دیارە بە هۆی ئەو ڕێوشوێنە توندوتیژییانەی، کە لە لایەن لویسی هەژدەیەمەوە جێبەجێکرا، ناڕەزایی جەماوەری لێکەوتەوە، چونکە ئەو هەنگاوانەی لویس بووە هۆی سڕینەوەی هەموو نیشانە و ڕواڵەتەکانی بیرکردنەوە شۆڕشگێڕییەکانی فەڕەنسا بە تایبەتی کەمکردنەوەی هێزی وشکانی و نەهێشتنی ئاڵا سێ ڕەنگەکەی فەڕەنسا، کە هێمایەکی گەورەی شۆڕش بوون، جگە لە داخستنی ڕۆژنامەکان و سەرپەرشتی و چاودێریکردنی گروپە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکان. لە لایەکی دیکەشەوە، سیستەمی پادشایەتی لەو وڵاتەدا دریغینەکرد لە بەخشینی پارەیەکی بێشومار بەو ڕۆژنامە و گرووپ و

پارتە سیاسییانەی، کە ملکەچی و گوێڕایەڵییان بۆ سیستەمی پادشایەتیی ڕەها مسۆگەردەکرد (سبکی، ٢٠١٥: ٢٢٢).

بارودۆخی ڕوسیاش هاوشێوەی ئیتاڵیا و ئیسپانیا و فەڕەنسا ڕووبەڕووی بزوتنەوەی شۆڕشگێڕی بووبووەوە، گەرچی لە سەرەتای فەرمانڕەوایەتیدا ئەلیکساندەری قەیسەری ڕوسیا، وەک پیاوێکی ئازادیخواز دەردەکەوت، و ئارەزووی سەربەخۆیی گەلان و مافە نەتەوەییەکانیانی هەبوو، هەروەها هەستا بە کۆمەڵێک چاکسازی لە بواری پەروەردە و گەشەپێدان بە زانکۆکانی وڵات، بەڵام دوای سەرکەوتنیان بەسەر ناپلیۆن و نزیکبوونەوەی لە موتەرنیخی گەورە کۆنەخوازیی نەمسایی، وردەوردە پاشەکشەی لە بۆچوونەکانی کرد، و بە تەواوی کەوتە ژێر کاریگەریی موتەرنیخەوە، و ئەوە بە ئاشکرا بە کۆنگرەی ڤیەننا، و کار و کردەوەکانی دواتریەوە دیاربوو. ئەو هەڵوێست گۆڕینەشی بێئومێدییەکی گەورەی لە لای هاووڵاتییانی وڵاتەکەی دروستکرد، بە تایبەت ئەو لاوانەی لە سوپای وڵاتەکەیاندا دژی ناپلیۆن جەنگابوون، بەڵام لە نزیکەوە ئاشنایەتییان بە پرەنسیپەکانی شۆڕشی فەرەنسا پەیداکردبوو، ئەو لاوانە مردنی قەیسەریان بەهەلزانی بۆ بەرپاکردنی شۆڕش، بەڵام (نیقۆلای)، کە جێگای قەیسەری گرتەوە توانی ئەو شۆڕشە دابمرکێنێتەوە (شاکر، ٢٠١٩: ٧٧٥-٧٧٦).

٤- دەرکەوتنی بزوتنەوەیەکی بەهێزی ڕۆشنبیری لە سەراپای ئەوروپادا، کە دژی دەستەڵات و نفوزی پیاوانی ئاینی و سیستەمی پادشایەتیی ڕەها بوو، کە بە هۆی بڕیارەکانی کۆنگرەی ڤیەننا و هێز و دەستەڵاتیان بۆ گەڕابۆوە. ئەو ڕۆشەنبیرانە بە هاوکاریی چینی بۆرجوازی، کە لە گەڕانەوەی ڕێزلێگیراوەکان و زیندووکردنەوەی ڕژێمی دەرەبەگایەتی دەترسان، داوای ڕێزگرتنی ئازادییە تاکییەکان و ڕۆژنامەگەریی سەربەخۆ و دەستوورێکی شارستانییان دەکرد. هەروەها

ئەو ڕۆشنبیرانە ڕایانوابوو (ئازادییە تاکییەکان) بەردی بناغەی پێشکەوتنی کۆمەڵی مرۆڤایەتییە، ئەو ڕۆشنبیرانە لەو کەسانەبوون، کە زۆرترین کاریگەریی فەیلەسوفەکانی شۆڕشی فەڕەنسایان بەسەرەوە بوو (نوار، ١٩٩٩: ٣١٣).

وەک تێبینیدەکرێت کاریگەرییەکانی ئەو کۆنگرەیە بەسەر تەواوی ژیانی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی و ...هتد، ئەوروپادا دەرکەوت. شەرعیەتدان بە دەستخستنەناو کاروباری ناوخۆی وڵاتان بە بیانووی پارستنی دۆخی باو و توندوتیژی نواندن و سەرکوتکردنی دەنگە ناڕازییەکان بە پاساوی گێڕانەوەی ئارامی و ئاسایش بۆ ئەوروپا، لە سیما دیار و کاریگەرییە خراپەکانی ئەو کۆنگرەیە بوون، بەڵام وەک گوتراوە ڕەوڕەوەی مێژوو هەمیشە بۆ پێشەوەیە و ژیان هەرگیز ناگەڕێتەوە بۆ دواوە. سەرەڕای ئەو هەموو پەراوێزخستن و توندوتیژییە، ڕووبەڕووبوونەوەی سیستەمی پادشایەتی و بزوتنەوە شۆڕشگێڕەکان نەوستان و بەردەوامییان هەبوو.

## ئەنجام

١- وەک چۆن شۆڕشی فەڕەنسا و فراوانخوازییەکانی ناپلیۆن دابڕانێکی گەورەیان لە پێش و پاش ئەو مێژووە دروستکرد، و نەخشەی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتیی ئەوروپایان گۆڕی، بە هەمان شێوە کۆنگرەی ڤیەنناش دەستپێکی مێژوویەکی دیکەی ئەوروپا و ئەو کیشوەرەی گێڕایەوە دۆخێکی کۆنەخوازی.

٢- فراوانخوازییەکانی ناپلیۆن بە دروشمی (ئازادی و برایەتی و یەکسانی) چووە نێو گەلانی ئەوروپا، بەڵام لە ناوەرۆکدا جگە لە پێواژۆ (پرۆسە)یەکی داگیرکاری و ملپێکەچکردنی گەلان و مۆنۆپۆڵی دەستەڵات هیچی دیکە نەبوو، بە هەمان شێوەش سەرانی کۆنگرەی ڤیەننا لە ڕووکەشدا بە بیانووی (گەڕاندنەوەی ئارامی) چاککردنەوەی ئەوەی، کە تێکدراوە و بیناکردنەوەی ئەوەی لە بەینچووە دەستیان بە کارەکانیان کرد، بەڵام هەر زوو مەبەستە تایبەتی و بەرژەوەندیخوازییەکانیان دەرکەوتن، گەر گەڕانەوەی ناپلیۆن و حوکمی سەد ڕۆژە نەبووایە، پێدەچوو ئەوروپاییەکان پێبنێنە شەڕێکی دیکەی ماڵوێرانکەر، و درێژەکێشانی ماوەی کۆنگرەکەش هەر لەبەر ئەو هۆکارە بوو.

٣- کۆنگرەی ڤییەننا بە دروشمی (گەڕاندنەوەی شەرعیەت) جارێکی دیکە کۆمەڵیان خستەوە ژێر فەرمانڕەوایی (پادشا – پاپا)، و سیستەمێکی ڕەهایان بونیادنایەوە، کە ماوەیەکی زۆربوو کۆمەڵی ئەوروپا و فەیلەسوفان دژ بەو سیستەمە لە سەنگەردابوون، و لای گەلانی ئەوروپا سیستەمێکی لەو شێوەیە جێگای ڕەزامەندی و پەسندکردن نەبوو، بۆیە زۆری نەبرد یاخیبوون و بزوتنەوە شۆڕشگێڕییەکان سەراپای وڵاتانی ئەوروپای گرتەوە، و لە چەندین وڵاتی وەک (ئیسپانیا، ئیتاڵیا، فەڕەنسا، ڕوسیا و ...هتد.) شۆڕش و ڕاپەڕین بەرپا بوو.

٤- کاریگەریی سەرانی وڵاتانی زلهێز لە کۆنگرەدا و باڵادەستیی بیروڕا کۆنەپارێز و کۆنەخوازەکانی موتەرنیخ گەورەترین ڕەنگدانەوەی بەسەر سەرجەم ئەو هاوپەیمانیەتییە و کۆنگرانەوە هەبوو، کە لە دوای کۆنگرەی ڤییەنناوە گرێدران، کە ئامانج لێیان کپکردنی دەنگی ناڕازی و پاراستنی دۆخی باو بوو لە سەرجەم وڵاتانی ئەوروپادا.

٥- ئەو کۆنگرەیە کاری لەسەر هەڵوەشاندنەوەی سەرجەم ئەو دروشم و پرەنسیپانە کرد، کە شۆڕشی فەرەنسایان لەسەر بونیادنرابوو لە (ئازادی تاک، مافی وەکیەکی هەمووان لەبەردەم یاسادا، لابردنی باجی ناڕەوای سەر هاووڵاتیان و هەڵوەشاندنەوەی جیاوگ (ئیمتیازات)ی (چینی خانەدان و پیاوانی ئاینی).

٦- وەک لە تەوەرەی دووەمی ئەم توێژینەوەیە ئاماژەی پێدراوە ئەو کۆنگرەیە، و بەستنی هاوپەیمانیەتییە چوارقوڵی و پێنج قۆڵییەکان هەنگاوی بەرایی بوون ڕووەو ڕێکخراوگەلی نێودەوڵەتی، کە گۆڕانکارییان لە پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکاندا هێنایەئاراوە.

٧. دەوڵەت و هەرێمە بچووکەکانی ئەوروپا، وەک چۆن لە فراوانخوازییەکانی ناپلیۆن زیانمەندبوون بە هەمان شێوەیەش لە بڕیارەکانی کۆنگرە خواست و ویستە نەتەوەیی و سەربەخۆکانیان فەرامۆشکران، یا پشتگوێخران وەک بەلجیکا، پۆڵەندا، هەرێمەکانی ئیتاڵیا و ئەڵمانیا.

## سەرچاوەکان

### ١- کتێب

### أ- سەرچاوە کوردییەکان

- ئامال کامل سبکی، ئەوروپا لەسەدەی نۆزدەیەمدا (فەڕەنسا لەماوەی سەد ساڵدا ١٧٧٦ – ١٨٧٦)، وەرگێڕانی : شەماڵ ئەحمەد، خانەی چاپ و بڵاوکردنەوەی چوارچرا، سلێمانی، ٢٠١٥.

- ئەحمەد نەقیب زادە، مێژووی دبلۆماسی و پێوەندیە نێودەوڵەتیەکان ١٦٤٨- ٢٠٠٤، وەرگێڕانی: مستەفا معروفی، چاپخانەی خانی (دهۆک)، هەولێر، ٢٠٠٨ .

- ئەفیمۆف و ئەوانیتر، مێژووی سەردەمی نویٛ لە شۆڕشی ئینکلستان تا کۆمۆڵی پاریس (١٨٧٠ – ١٨٧١- ١٩٩٠)، وەرگێڕانی: زانەر محمد رەشید، بەرگی یەکەم، چاخانەی چوارچرا، سلێمانی، ٢٠١٣.

- جفری برون، تاریخ اوروپا الحدیث، ترجمە: علی المرزوقی، الطبعة الاولی، الاهلیة للنشر والتوزیع، بیروت، ٢٠٠٦.

- خالد محمود کریم، مێژووی نوێی ئەوروپا لە ڕێنسانسەوە تا سەردەمی هاوپەیمانیەتیەکان، چاپخانەی کارۆ، ب.ش، ٢٠١٩.

- سامان حوسێن ئەحمەد، مێژووی ئەوروپا لە شۆڕشی فەرەنسیەوە تا کۆتایی سەدەی نۆزدەهەم، نارین بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە، هەولێر، ٢٠١٤.

- محمود شاکر، پوختەی مێژووی شارستانیەتیەکان، وەرگێڕانی: نهاد جلال حبیب الله، بەرگی دووەم، چاپی دووەم، خانەی چاپ و بڵاوکردنەوەی چوارچرا، سلێمانی، ٢٠١٩.

- ه.ا.ل. فیشەر، مێژووی نوێ ی ئەوروپا لەسەردەمی شۆڕشی فەرەنسیەوە تا ساڵی ١٩٥٠، وەرگێڕانی: شوکر سلێمان و

سەروین ئەرجان، چاپی سێیەم، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ڕۆژهەڵات، هەولێر، ٢٠١٥ .

- عەبدولحەمید بەتریق و عەبدولعەزیز نوار، مێژووی نوێی ئەوروپا لە چەرخی ڕێنسانسەوە تا کۆنگرەی ڤیەننا، وەرگێڕانی: خالید هەرکی، ناوەندی ئاودێر بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە، هەولێر، ٢٠٢٠.

**ب – سەرچاوە عەرەبییەکان**

- صلاح هریدی، تاریخ أوروبا الحديث والمعاصر (١٧٨٩ – ١٩١٤)، دار الوفاء لدينا الطباعة والنشر، التاريخ الدبلوماسى (العلاقات السياسية بين القوى الكبرى ١٨١٥ – ١٩٩١)، قسم العلوم السياسة، جامعه الاسكندريه www.kotovarabia.com .

- عبدالعزيز سلێمان نوار و عبدالمجيد ينغى، التاريخ المعاصر اوروبا، من الثورة الفرنسية الى الحرب العالمية الثانية، الطبع الثانى، دار النهضه العربية، بيروت- لبنان، بدون السنة الطبع.

- عبدالعزيز سليمان نوار و محمود محمد جمال الدين، التاريخ الاوروبى الحديث من عصر النهضة حتى نهاية الحرب العالمية الاولى، دار الفكر العربى، مصر، ١٩٩٩.

- عبدالفتاح حسن أبو علية، تاريخ اوروبا الحديث والمعاصر، دار المريخ للنشر، المملكه العربية السعودية، ٢٠٠٧.

- على حيدر سليمان، تاريخ الحضارة الاروبيه الحديثة، دار واسط للدراسات والنشر والتوزيع، بغداد، ١٩٩٠.

- عمر عبدالعزيز عمر و جمال محمود حجر، صور من تاريخ العلاقات الدولية فى العصر الحديث، دار المعرفة الجامعية، الاسكندرية، مصر، ٢٠١٢ .

- عمر عبدالعزيز عمر، التاريخ الاوروبى والامريكى الحديث، دار المعرفة الجامعية، ٢٠٠٩.

- عمر عبدالعزيز عمر، اوروبا ١٨١٥- ١٩١٩، دار المعرفة الجامعية، الاسكندريه، مصر، ١٩٩٦ .

- عمر عبدالعزيز عمر و محمد على القوزى، دراسات فى تاريخ أوروبا الحديث والمعاصر ١٨١٥ – ١٩٥٠، دار النهضة العربية، بيروت، ١٩٩٩.

- فاضل حسين و كاظم هاشم نعمة، التاريخ الاوربى الحديث ١٨١٥-١٩٣٩، دار الكتب للطباعة والنشر، جامعة الموصول، العراق، ١٩٨٢ .

- محمد مظفر، تاريخ اوروبا فى القرن التاسع عشر، مطبعة التعليم العالى، بغداد، ١٩٨٨ .

## ج- سەرچاوە ئینگلیزیەکان

. - Berger, Stefan A Companion to Nineteenth Century Europe 1789-1914, (Oxford, Blackwale Publishing, 2006)

- Blanning, T. C. W. Oxford History of Modern Europe, (Oxford University Press, 1996)

- Freksa, Fredrick A Pease Congress of Intrigue(Vienna 1815), (New York, 1919)

- Graaf, Beatrice de 'Bringing sense and sensibility continent: Vienna 1815 Revisited', *Journal of Modern European History,* 2015, vol. 13, no.4.

- Kissinger, KHenry A. 'Congress of Vienna: A Reappraisal' World Politics, vol. 8, No. 2, Jan 1956),

Kopecek , *A History of Modern Political Thought in East Central Europe*, (Oxford Scholarship Online: April 2016)

- Kramer, Loyd and others, A History of Europe in the Modern World, (McK Graw Hill, New York, 2020)

- Merriman, John A History of Modern Europe from Renaissance to the Present, (London, 1996)

- Miller, Stuart T. Mastering Modern European History, (New York, Palgrave, 1997)

- Ramm, Agatha Europe in the Nineteenth Century1789-1905,(London, 7th edition, 1999)

- Shroeder, Paul W. *the Transformation of European Politics 1763-1848*, (Oxford University Press, 1994)

- Trencsényi, Balázs, Maciej Janowski, Monika Baar, Maria Falina, and Michal

**٢- مەوسوعە و ئینسكلۆپیدیان**

-عبدالوهاب الكيالى، موسوعة السياسية، الجزء الاول، موسة العربية للدراسات و النشر، بيروت، بدون السنة.

**٣- سەرچاوە ئەلكترۆنیەكان**

- **مؤسسة** RAND ، ٢٠١٧ www.rand.org

**Congress of Vienna (1814-1815) and Return of the Conservativism Hegemony in Europe**

**Abstract:**

In the aftermath of Napoleon (1769-1821) invasions in particular in the Leipzig war the European force entered to Paris in 31-3-1814. The successful powers decided to summit a congress to solve the situation which had happened in the aftermath of the Napoleon wars particularly in the political aspect. The changes of the trends towards nationalism, and republic became more popular among the people. The Europeans preferred the new system rather than royal old-fashioned systems which thousands of years ruled the Europe. After long conversation among the politicians of these countries who won the war, by the attempts of Austrian Prime Minister Klemens von Metternich skillful diplomatic, he could persuade the most European powerful countries to summon the congress. They chose Vienna as it was geopolitically significant which was in the center of Europe, and was one of the beautiful cities in Europe. Congress of Vienna was held beside these serious issues and different political views of the participants in years (1814-1815). It could be said that, the congress could successfully narrow these differences among the members of the congress.

The research about the Congress of Vienna (1814-1815) was about the political history. It is used the scientific method, reliable sources, and the information academically analyzed. It consists of prologue, introduction, two main sections. In the first section, investigated the reasons behind choosing Vienna, the principles, the obvious and hidden goals of the congress. The researchers put shed light on the paramount political figures of the congress. The second section dedicated to the congress’s decisions, the criticizes on the congress, and the impact of the congress on the internal and

external policy of the European countries. The research concluded with the significant outcomes. The Arabic and English abstracts were followed by the bibliography.

Keyword: Congress, Vienna, International, Conservatism, Coalition, Balance, Reorganizing, Nationalism.

**الملخص**

الملخص بعد سقوط نابلون بونابرت (١٧٦٩-١٨٢١) من معركة (لايبزك – الأمم) و دخول قوات الحلفاء الى باريس (١٣ مارتى ١٨١٤) قرر دول المتنصر ان يعقد المؤتمر بقصد حل المشاكل ولاوضاع التى ينتج من الثورة الفرنسية بلاخص فى مجال السياسى وسبب هذا تغير يطالب الافراد فى المجتمعات الاوربية النظام الجمهورى او القومى وهذا يعاكس تماما مع النظام الملكية القديمة التى يبنا عليها الامجتمعات الاوروبية قبل الآف السنين و بعد حوار الطويل بين الدول المنتصر و جهد الدبلوماسى خاصتا من قبل رئيس الوزاء نمسا (مترنيخ) و كانت ابرز القادة السياسية و الدبلوماسية فى اوروبا اجمع فى هذه الاوقات، يحدد فيينا لعقد المؤتمر هذة المدينة احدى المدون الجميلة فى اوروبا و مدينة المهمة من ناحية الجيوالسياسى و الجغرافى وتقع فى وسط اوروبا يعقد هذا المؤتمر بين الخلافات العميقة و وجهات النظر المختليفة و المشاكل المصائب بين (١٨١٤-١٨١٥) و نجح المشاركون في النهاء النزاعات و الخلافات السياسية بين الدول الاوروبية .(المؤتمر فيينا ١٨١٤-١٨١٥) دراستة تأريخية -سياسية (راجعنا الباحثون فى اطار كتابة هذه الموضع الى مصادر و المراجع الاصيلة القيمة ذات صل بلموضوع و جاهدنا تفسير و تحليل هذة الدراستة من و جهة النظر لاكاديمية و العلمية هذه الدراسته يتكون من المقدمة و مدخل و محوران الآساسيا، المحور الاول ينقسم الى دوافع تحديد فيينا للمؤتمر و المبادئ الاساسية و اهدافها و ابرز الدول و القادة السياسية التى يشاركون فيها و خصص المحور الثانى لقرارات المؤتمرو نقد الموجهة له وابعادها و تأثراتها على السياسة الداخلية و الخارجية لآوروبا اشارنا الى المصادر والمراجع التى يستفيد منها و الملخص با لغتين العربية و الانجليزية .وفى نهاية.التوازن التحالف اعادة تنضيم القومي مفتاح و الكليمة : المؤتمر، فيينا.